# هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاریی پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی خوێندنی کوردی وەك نمونە


د. شیلان عومەر حسەین
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی زمان
بەشی کوردی


## پێشەکی:

قوتابخانە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سیستماتیکیەو بەرپرسە، لەگەڵ دامەزراوەکانی تردا، لە پەروەردەی دروستی تاكو پێدانی بەهاکان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاك، لەبەرئەوەی قوتابخانە کۆمەڵگایەکی بچوککراوەیەو گرنگترین کەناڵە، کە بەهۆیەوە تاك بە کۆمەڵەوە پەیوەستدەکات، ئەمانەش لە پرۆگرامی خوێندندا دیاریدەکرێن، پرۆگرامی خوێندنیش هۆکارێکی فێرکاری گرنگە بۆ هەریەك لە مامۆستاو خوێندکاران.

پەروەردەی نوێ، لەگەڵ گرنگیدان بە وەرگرتنی زانیاریی و بەرهەمهێنانو داهێنانکاریی، گرنگی بە چاندنی بەهاو پەرەپێدانی عەقڵیش بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنێت ، کە دەبێت شانبەشانی یەکتربن، لەمەوە بۆ چاندنی بەهاو پەرەپێدانیی، پێویستە بوارە بەهاییەکان، کە دەبێت فێرخواز لە خوێندنگە فێریانبێت، لە پرۆگرامەکاندا بەرجەستەکرابن.

هەموو لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، لە قۆناغی بنەڕەتیدا ناوەڕۆکە ڕەوشتیەکانو لێهاتووییە زمانییەکان بەیەکەوە بنیاتدەنرێنو سەرکەوتنی خوێندکار، لە قۆناغەکانی ناوەندیو زانکۆییدا، دەکەوێتە سەر ئەوەی، چ زمانێكو چ جۆرە بەهاو ڕەوشتێکی لە پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتیدا پێدراوەو پێیگۆشکراوەو بینای کەسێتی خوێندکاری لەسەر بنیاتنراوە، چونکە لە قۆناغەکانی تر برەودانو پەرەدانە، بەوەی لە قۆناغی بنەڕەتیدا پێشکەشکراوە، بەم پێیە پرۆگرامی خوێندنو کتێبی قوتابخانەکان ڕۆڵێکی گرنگ، لە جێبەجێکردنی هەموو ئەمانەدا دەبینن، بەتایبەت لە بنیاتنانی لایەنی زمانییو ڕەوشتییو ڕەفتاریی خوێندکاراندا لە قۆناغی بنەڕەتیدا.

لەمەوە پرۆگرامی خوێندن ئەرکی بەرپرسیارێتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تاك دەگێڕێت، بەواتا ئاوێزانکردنی تاك بە کۆمەڵگاوەو ئاوێتەکردنی کلتوورو ڕۆشنبیری کۆمەڵ بە تاکەوە، بەهۆی گونجاندنی لەگەڵ پێوەرو بەهاو دابونەریتو...کۆمەڵدا. پرۆگرامی خوێندن لە گرنگترین دەروازە کارەکیە پەروەردەییەکانە لە پەروەردەکردنی دروستداو ناواخنی ئەم پرۆگرامەش هەموو ئەو بەرپرسیاریەتانە دەبێت لەخۆبگرێت.

گرنگی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ دیاریکردنی چۆنێتی ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن(خوێندنی کوردی بە نمونە)، لە جەختکردنەوە لەسەر شوناسی نەتەوەییوفەلسەفی و بیریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا،

ئامانجیش لەم باسە، دیاریکردنی ناواخنە ڕەوشتیەکانە، کە پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن لە خۆیانی بگرن، دیاریکردنی هەر ناواخنێکی ڕەوشتی بۆ هەر قۆناغە، بۆ ئەمەش تیۆری دروستەی کۆزانیارییو ڕێبازو شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەکاربراوە.

### ١/١ ) دروستەی کۆزانیاریی* :

دروسته به واتا بونیاتو به چۆنێتی سەرەوژێربوونو ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان بەشەکان/ یەکەکانی کەرەستەیەک، بەپێی پلان به دروسته/بونیات دانراوه، هەرچی کۆزانیاری/ مەعریفەشه له گردبوونەوەی چەپکه زانیارییەکان، که له ئەنجامی ئەزمونی خودیی (تێڕامانو تاقیکردنەوەو فامکردنەوە)و ئەزمونی بابەتیی(فێربوونو فێرکردنەوە) وەریاندەگرین، پێکهاتووەو مەبەست لێی توانستی بیرکردنەوەی ئەو شتانەیه، که پێشتر فێریان بووین. توانای به بیردا هاتنەوەی شتەکانه له کاتی پێویستدا بۆ سەر له نوێ بەکارهێنانەوەی لەو شوێنەدا که دەگونجێت، به واتا کۆزانیاریی ئەنجامی زانینه به شتێك، دیاردەیەك...تادو، به یەکەم قۆناغی ئاستی بیرکردنەوە دانراوە(کۆزانیاریی، ناسینو زانینو ئاشنابوونو بەئاگابوونه به بابەتو کەسو دیاردەکانو ڕاستیی، زانیاریی، پەسنیی، لێهاتویی، که کەسەکان بەهۆی ئەزمونو تاقیکردنەوەو، یان فێربوونو فێرکارییەوە وەریدەگرن، لەخۆدەگرێتو بریتییه له بەتێۆریکردنو کارەکیکردنی پرۆسەی تێگەیشتنی بابەتەکان)[٢٨١]. کۆبوونەوەی زانیاریی پێکهێنی کۆزانیارییه، چەمکی زانیاریی ئەو کەرەستەو داتاو ناووهێماو کۆدو چەندێتیو چۆنێتیو سەرنجو ڕامانو تێبینیوپرسو تێڕوانینانەیه، که دواجار دەبنه بونیاتی کۆزانیاریو زانینیان پێگەرداندەکرێت، یەکه پێکهێنەرەکانی زانیاریش بریتین له[٢٨٢]:

ا.هێما: هەر بابەتێك، کردەیەك، ڕوداوێك،...واتا بگوێزێتەوە، یان ئاماژه بدات بەوەی ئەم بابەته، ئەم ناوەڕۆکەی هەیه، به هێما دانراوه، یاخود هێما دروشمه، ئاگادارکردنەوەیه، بانگەشەیه بۆ ئەو ناواخنه زانیارییەی دەیگەیەنێت.

ب.داتا: یەکەیەکی زانیارییه، ئەو زانیارییه واقیعیانەن، که بەتایبەت ڕێکدەخرێن بۆ شیکردنەوە، یان ببێته هۆی توانای بڕیاردان، یان بەو بەهایانەی له ئەزمونه زانستیەکانەوە هەڵگوێزراون، ناسێنراونو پێوەرێکن بۆ بیرکردنەوەو تاووتوێکردنو بڕیاردان...دیاریکراوە.

بەپێی زانستی زمانی دەرونی کۆمەڵایەتی درککردن، مرۆڤ ئەو زانیارییانەی، که وەریاندەگرێت له هەر سەرچاوەیەکی زانیارییەوە بێت( ئۆرگانی هەستیی، ئەزموون، درککردن)و کاتێك له هەستیەوە وەك دەرکردەیەکەو وەریاندەگرێتودەبێته تێکردە بۆ نەستی مرۆڤ و، لێرەدا ئەو پرۆسه ئاوەزییانەی(بڕیاردان، لۆژیك، وێناکردن، چارەسەری کێشه،...)، که بەسەریدا دێنو له ئەنجامی ئاوێزانبوونی به دنیابینیو لایەنی دەروونییو..ی مرۆڤ، بەرەنجامی ئەمانه هەموو دەبنه سەرچاوەی هەڵوێستوڕەفتارو ڕەوشتی تاکەکەسی لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەمەیه هەر ئیشارەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی، که له بونیاتی هێمادا هەنو زانیاریی لێدەکەوێتەوەو ئەمانیش دروستەی کۆزانیاریی پێکدەهێنن، کاریگەرییان لەسەر هەڵوێستو ڕەفتاری تاك هەیەو دەبێت وریایانەو ئاگایانه له پرۆگرامی خوێندندا دایانبنێینو وردەکاری بۆ هەموو لێکەوتەو لایەنەکانی ئەو هێمایانه بکرێن، که له پرۆگرامی خوێندندا(وشه، ڕسته، پەرەگراف، وێنه، هێڵکاری، نەخشه، کەرەستەی تاقیگه...) دەیاننوێنن.

له کۆی ئەو شیکردنەوانەی بۆ دروستەو بونیاتی کۆزانیاریی خرانەڕوو، دروستەی کۆزانیاریی چۆنێتی سەرەوژێربوونو خستنه تەکیەكو ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان یەکه پێکهێنەرەکانی کۆزانیاییه، به پێی پلانو بەرنامەڕێژییونەخشاندنو به مەبەستی پڕاوپڕکردنو کامڵکردنی پرۆسەی تێگەیشتن به تێۆریو کارەکیی، بۆ

---

* زاراوەی کۆزانیاریی بەرامبەر وشەی مەعریفه بەکارهێنراوه.

[٢٨١] www.wikipidia.com.knowlodge

[٢٨٢] شیلان عومەر حسەین(٢٠١١: ١٣٧)و(٢٠١٤: ٣).

گەیشتن بە حەقیقەتو ڕاستییەکان، ئاڕاستەکردنی بیریی تاكو بەگەڕخستنیو هۆشیارکردنەوەو بە ئاگا هێنانەوەییو پەرەپێدان بە تواناو لێهاتوویەکانیی...تاد، لەخۆدەگرێت.

دیاریکردنی دروستەی کۆزانیاریی لە پرۆگرامی خوێندندا، کارێکی وردو ئاڵۆزەو لەهەمان کاتیشدا بابەتێکی زۆر هەستیارو مەترسیدارە، لەبەرئەوەی یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی پەروەردەکردنی تاکی دروست لە ڕێی یەکێك لە دامەزراوە کاریگەرو گرنگەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت، کە ئەویش قوتابخانەیە، دەتوانین بە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ لەڕێی ئەم دامەزراوەیە تاکی باشوشیاو یان پێچەوانەکەی بۆ خودی خۆیو بۆ کۆمەڵگا بەرهەمبهێنین (مێشکی مرۆڤ هەڵگروگۆڕەر ودەستکاریکەرو خەزنکەرو بە جفرەکەری ئەو زانیاریانەیە، کە بەهۆی ئۆرگانی هەستیی جیاوازەوە وەریاندەگرێت و لەڕێگەی کارلێکی ئاڵۆزی ئاوەزەوە وەریاندەگێڕێت، ئەمانەش بەهۆی پرۆسەیەکەوە دەبێت، پێی دەوترێت(بیرکردنەوە)، کە بەرهەمهێنەری دەرکردە زارەکیو ڕەفتارییەکانە، کە لەسەر بنەمای زانیاریی جۆراوجۆر خەزنکراون)[٢٨٣]، لەبەرئەوە هەڵسەنگاندنو نرخاندنی ئەو زانیاریی و کۆزانیارییانەی لە ڕێی ئەم پرۆگرامانەوە دەدرێن، بە خوێندکار زۆر گرنگو پێویستنو دەبێت زانستیانەو ژیرمەندانە، بەپێی بنەماو پێوەرە زانستییوکلتورییەکانو بەهەند وەرگرتنی هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە خوێندکارەوە هەیە دابڕێژرێن، نەك لەخۆوەو هەڕەمەکیانە پرۆگرامەکان بەرنامەڕێژبکرێن.

### ٢/١) تیۆری دروستەی کۆزانیاریی:

لەسەر ئەم بنەمایە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بۆ نرخاندنو هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندن، تیۆری دروستەی کۆزانیاریی Knowledge Structure Theory[٢٨٤] بەکاربراوە. ئەم تیۆرە پەسنکەری چۆنو بۆچی شتەکان، بابەتەکان، ...بەو شێوەیە ڕۆڵدەبینن وکاردەکەن، شوێنو ناویانو تایبەتێتیو سیمای جیاکارییان، لەگەڵ خستنەڕووی زانیاریی دەربارەی چەمکەکانویەکەکانو چۆنێتی پەیوەستبوونو کارلێکیانو لێکەوتەکانی دەگرێتەوە، بنەڕەتی ئەم تیۆرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانە، بۆ ئەمەش پێویستی بە پلانو ستراتیژو مەرجو پێوەرە..بۆ پڕاوپڕکردنی کارەکانو دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، ئەم تیۆرە کار بۆ ئەوەدەکات، کە لێهاتوییو توانا(ئەزمونی خودی)ی تاك، لەگەڵ فێرکردندا(ئەزمونی بابەتی) پێکەوە گرێبدات، تا تاکێکی سەرکەوتوو پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات، لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی خودی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش ئامادەکردنو پەروەردەکردنو بەرهەمهێنانی تاکی دروستە بۆ کۆمەڵگا، میکانیزمی کارکردنی ئەم تیۆرە جگە لە پۆلێنکردنی پرۆگرامی خوێندن، ڕێگایەکی ساناو گرنگی بۆ خستنەڕوی بابەتوبیرەکان دیاریکردووە، ئەویش بریتییە لە هێڵکاری هۆشەکیی، ئەم پێوایە پەیامەکان لە پرۆگرامی خوێندندا، لە نێوان دوو مێشکدا ئاڵوگۆڕو تاوتوێدەکرێن، ناسینو کارپێکردنی زانستیانەی ئەم بابەتە(مێشك) بنەمای سەرەکی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە.

هێڵکاری هۆشەکیی[٢٨٥]: مەبەست پێی بینینو نمایشکردنی پەیکەری زانیارییەکانو وێناکردنی ئەو بیرانەیە، کە پەیوەستن بە بابەتەکانەوە لە بیریی کرۆکی چواردەوردراو بە سەرباسی پەیوەستکراو پێکهاتووە. هێڵکارییەکە(دایەگرام)، بەکاردەهێنرێت بۆ نواندنی وشەکان، بیرەکان...یان هێڵکارییەکە، پێکهاتەیەکی بینراوە بۆ دیاریکردنی سەرباسەکان، زانیارییە بینراوەکان، زانیارییە ئاڵۆزەکان بەکاردەهێنرێن، زۆربەی جار بۆ وشەیەك یان

[٢٨٣] Helge Malmgren(٢٠٠٦:٧).
[٢٨٤] Wrutheran Sinnadurai(٢٠٠٨) & www .business dictionary.com.
[٢٨٥] Zaid Ali Alsagoff(٢٠١٠:١٩).

دەقێك دەكرێت، یان بە ڕێگەیەكی باوی تێبینی تۆماركردن، یان كورتكردنەوە، یان دیاریكردنی ڕیزبەندی كرۆنۆلۆژیانەی نوسەرێك دەربارەی هەر بیرو بابەتێك ، بە بەكارهێنانی وێنەو وشە، ڕەنگ، هێڵكاری...دەنوێنرێت. بنەڕەتی ئەم زانستەش بۆ دەروونناسو بیركاریزانو لێكۆڵەریی مێشك ١٩٦٠ Tony Buzan دەگەڕێتەوە، خودی ئەم بابەتە تەكنیكێكی تایبەتە بۆ وەرگرتنو تۆماركردنی زانیاریی بە كورتیو بە پوختی. هێڵكاری هۆشەكیی لە نێوان هەموو ڕێگاو بابەتەكانی فێركردندا بە باشترینیان دیاریكراوە، لەبەرئەوەی لەیەك كاتدا مامەڵە لەگەڵ مێشكو دەرونی خوێندكاردا پێكەوە دەكات (تێگەیشتن لە مێشكی منداڵو ڕێگەی پەرەسەندنیی، كلیلی تێگەیشتنە لە فێربوون)[٢٨٦]، ئەو كار لەسەر وروژاندنی بیرو بەگەڕخستنو ئاراستەكردنی دەكات. میتۆدی هێڵكاری هۆشەكیی لەسەر ئەو بنەڕەتە دانراوە، كە كارپێكەری پێكەوەیی هەردوولای نیوەگۆی مێشكی مرۆڤە لەیەككاتدا. لێكۆڵینەوەكان ئەوەیان خستۆتەڕوو، كە هەریەك لە نیوەگۆی مێشك كارو ئەركی جیایان هەیە. لای چەپ لە بنەڕەتدا بەرپرسە لە لۆژیك( وشە،ژمێرەیی، خۆشنوسی، زنجیرەیی، شیكاریی، لیستكردن)، لای ڕاستیش لە بنەڕەتدا لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەكانی وەك(ئەندیشە،سۆز، ڕەنگ، ئاواز،شێوەكان، ئەندازیاری) بەرپرسە، بۆ ڕونكردنەوەی زیاتر بڕوانە وێنەی(١)[٢٨٧] :

وێنەی (١)




گرنگیو بایەخی هێڵكاری هۆشەكیی، لەبەگەڕخستنو كارپێكردنی هەردوو نیوەگۆی مێشكە پێكەوە، بەوەی لە یەككاتدا دەتوانرێت زیاتر لە هەستەوەرێكی خوێندكار بوروژێنرێتو بەگەڕبخرێت، كە دەبێتە هۆی بەرهەمی زیاترو داهێنانكاریو پارێزگارییكردنی یادگەش لەهەمانكاتدا، بە ئاكامگەیاندنی ئەمانەش بەهۆی نواندنی هۆشەكیی بابەتەكانو بەبەكارهێنانی وێنەی هونەریی بۆ خولقاندنی وێنە هزرییەكان لای بەرامبەر دەبێت، بەم شێوەیە هێڵكاری هۆشەكیی ئەندێشەو ئەندێشەگەری، لەگەڵ دروستەو وێنەكانی لۆژیك پێكەوە ئاوێزاندەكات.

هێڵكاری هۆشەكیی، بە هۆكاری پەیوەستكردنی چەمكە بنەڕەتییەكان دانراوەو یارمەتیماندەدات بۆ: ا. گەڕاندنەوەی كاتو سودوەرگرتنی، وەك بەكارهێنانی وشە سەرەكییەكان، یان چەمكەكان. ب. تێگەیشتنی باشتر. پ. بۆ تێبینیكردنو تێڕامان، گوێگرتنونواندنی زارەكی(ئاخاوتن)و نوسین. ت. زیادكردنی توانای وەبیرهێنانەوە، بەهۆی

[٢٨٦] هیزەر پۆمپسن و سین ماگیۆر(٢٠٠٧: ١٢).

[٢٨٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سودوەرگرتن لەم حەوت بنەمايەی يادگە (پێشبينيكردن، پەيوەنديدروستكردن، وێنەی ئاوەزيی، ڕەنگ، ئاواز/كێش، گشتگيريكردن، دەرخستن).

چۆن هێڵكاری هۆشەكيی جێبەجێ بكەين:

هەنگاوی يەكەم: سەرباسی بابەتەكە لە ناوەڕاستدا بنوسە.

هەنگاوی دووەم: وەچە ناونيشانەكانی بۆ زيادبكە.

هەنگاوی سێيەم: بۆ هەر وەچە ناونيشانێك خاڵە سەرەكييەكانی بە ڕونكردنەوەوە بۆ زيادبكە.

هەنگاوی چوارەم: وێناكردنی پێشبينييەكانی مامۆستاو خوێندكار(وێنەی ئاوەزی/ وێنە)، بۆ ڕونكردنەوەو دەرخستنی بابەتەكە بەكاربهێنە ، بۆ ئەمەش بڕوانە هێڵكاری(٢):




هێڵكاری(٢)

بە گشتی فۆڕمەكانی هێڵكاری هۆشەكيی بريتين لە[٢٨٨]:

أ. وروژاندنی مێشك. ب.دروستكردنی ليست. پ.نەخشاندنی وێنە. ت. بە ڕەهايی/ئازادی نوسين. ج. دروستكردنی دايەگرامی ڤێن. چ.بە گروپكردن. ح. هێڵكاری چەمكيی...

[٢٨٨] D.E.Zemach(٢٠١١:٤٣).

گرنگی هێڵکاریی هۆشەکی بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە:

١. یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان. دروستەی تایبەتی هێڵکاری هۆشەکیی ڕێگە بە ڕێکخستنی پەیکەرییانەی کۆزانیاری دەدات، کە بە دروستە بکرێن/ ئەمە جگە لە بەرجەستەکردنی شێوەو ڕەنگو وێنەکان، لەلایەکی تریشەوە هێڵکاریی هۆشەکی پرۆسەی بیرکردنەوەی سروشتی پاڵپشتدەکات، بە بەراورد لەوەی بە هەڕەمەکیانەو ناڕێکخراوی تۆماربکرێن، لەگەڵ ئەوەی هێڵکاری هۆشەکیی دروستەیەکی کراوەی هەیەو هانی خوێندکار دەدات، کە بیری ترو بیرکردنەوەی نوێی بۆبکاتو ئەمەش سەرچاوەی داهێنانکارییە.

٢. هێڵکاری هۆشەکیی ڕێگە بە دروستەی درککردنەکانو بیرەکانی خوێندکاران دەدات، بەوەی کە بینراوبن. ئەم نەخشانە کە لەلایەن خوێندکارانەوە دەنەخشێنرێن وادەکات، کە زانیاری دەربارەی کۆزانیاری خوێندکار زیادبکات، ئەوەش پەیکەری نەخشەو دروستەی کۆزانیاری، کە جارێکی تر چ بۆ مامۆستاو چ بۆ خوێندکار بینراو دەبێت گرنگی خۆی هەیە لەبەرئەمانە:

أ- بەهۆیەوە پەرە بە ئاگاییو هۆشیاری خوێندکار دەدرێت، یان کۆزانیاری ڕێکدەخرێتو بەشدارییپێدەکرێت، ئەمەش دەبێتەهۆی پتەوکردنی لایەنی درککردنی خوێندکار، دەبێتە هۆی ئەوەی لە گروپدا تاوتوێی چەمکەکان بکەنو پەیوەندییەکان بخەنەڕوو.

ب- دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، تەنها نابێت پەرە بە هۆشیاری ڕێکخستنی کۆزانیارییان کە هەیانە بدرێت، بەڵکو لەگەڵیدا هۆشیاریو ئاگاییەك، کە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیو ڕایەڵە نادیارەکانی نێوان چەمکە پەراوێزخراوەکانی ناو هێڵکارییەکەشە بدرێت.

پ- هەڵەی خوێندکاران لە تێگەیشتنو درککردنیان بە بابەتەکان دەتوانرێت، لەڕێگەی هێڵکاری هۆشەکیی کێشراوەوە، مامۆستا ببینێتو چارەسەری بکاتو بزانێت ئەو خوێندکارە لەکوێدا گرفتو کەموکورتی تێگەیشتنی هەیە.

٣. هێڵکاری هۆشەکیی دەتوانین وەك هۆکارێکی یارمەتیدەری یادگەو یادخستنەوە بەکاربهێنرێت. هەر هێڵکارییەکی هۆشەکیی ڕوکارو شێوەی تایبەت بە خۆیی هەیە، کە سەرنجی بینراوی بۆ دەچێتو جگە لەو زانیارییانەی، کە کورتو پوختکراوەتەوە تیایداو بە ئاماژە لەبەردەکرێتو ئەمەش پرۆسەی فێرکردن خێراترو بەرزتریش دەکاتەوە.

٤. دەتوانرێت هێڵکاری هۆشەکیی بۆ یارمەتی دوبارەکردنەوەو کورتکردنەوە بەکاربهێنرێتو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ لەبەرکردنو تێگەیشتنی.

٥. هێڵکاری هۆشەکیی دەتوانرێت کورتەو پوختەی بیرەکانی هەموو خوێندکاران پێکەوە کورتبکاتەوە.

٦. بوونی هێڵکاری هۆشەکیی جوانکاری لە دەفتەرداو سەرنجی خوێندکار ڕادەکێشێتو هاندەری دەبێت بۆ کۆششکردن.

٧. هێڵکاری هۆشەکیی زانیاری نوێ بەشێوەیەکی سودمەندانە، بە کۆزانیاری دیاریکراوەوە پەیوەستدەکات.

٨. دەتوانین چەمکی تازە بەهۆی هێڵکاری هۆشەکییەوە بەرهەمبهێنینو وەك تێکردە وەریبگرین.

٩. هێڵکاری هۆشەکیی دەتوانێت پەیوەندییەکانی نێوان بابەتەکانو جیهانی دەرەوە بخاتەڕوو.

بەپێی ئەم تیۆرە بابەتەکانی ناو پرۆگرامی خوێندن، لەسەر بنەمای ئەو زانیارییو کۆزانیارییانەی دەیگەیەنن، بەپێی قۆناغەکانی(بنەڕەتی، ناوەندیو خوێندنی باڵا)، بۆ چوار پۆلی سەرەکی(کە لەسەر بنەمای کۆمەڵە پێوەرێك جیاکراونەتەوە)پۆلێنکراونو ئەو چەشنانەی دروستەی کۆزانیاریی، کە بە کۆزانیاریی ئەرکیی ناونراون، لێدیاریکراوەو بریتین لە:

١. کۆزانیاریی پشتبەستوو بە حەقیقەتو ڕاستی:

لە پرۆگرامی خوێندندا بابەتەکانی وەك(مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسیو بایەلۆژی)، کۆزانیاریی پەیوەست بە دۆزینەوەو خستنەڕوی ڕاستییو حەقیقەتەکان دیاریدەکەن، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەژماری بۆ بکرێت ئەوەیە، کە خوێندکار بەتایبەت خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی وێنەی ئاوەزییان نییە یان لا نییە، دەبێت لە پرۆگرامی خوێندندا ئەم وێنە ئاوەزیو هۆشەکیانەی بۆ بنەخشێنینو بۆی وێنای بکەین، بۆ ئەمەش پێویست بە پرۆگرامی ورد بە هێڵکاری هۆشەکیی(وشەو ڕستەو پەرەگراف)و وێنەی ڕونو هێڵی بەیانیو نمونەی ئەلەکترۆنیو فیلمو ئەنیمەیشنو... دەکات، لەگەڵ بەکارەکی بینینی شوێنو بابەتو مادەوکەلوپەل..وروژاندنی بیرو ژیریی خوێندکار بە بەکارهێنانو خستنەگەڕی زیاتر لە ئۆرگانێکی هەستیی بە مەبەستی زیاتر هەستپێکردنیو بەرجەستەبوونی لای و کارلێککردنیو نزیکبوونەوەی لەو بابەتەو بە ئامانجی کاملبوونی پرۆسەی تێگەیشتن لای خوێندکاران(عەقڵ گرنگترین سیمای هەستە، کەئەمیش حاڵەتەکانی ئاگاییو درککردن لە خۆدەگرێتو خودی هەستیش باشترین دیاردەی تێگەیشتنمانە لە بابەتەکان)[289]، لە پرۆسەی فێرکردنی نوێدا بۆ ئەوەی خوێندکار زیاتر تێبگات بەو میکانیزمانە بیری دەوروژێنینو زیاد لە هەستەوەرێکی دەجولێنن، تا بە ڕێژەیکی زۆرتر تێگەیشتن فەراهامبهێنینو لە ڕاستییەکان نزیکببنەوە، ئەمانەش بەمەبەستی ڕونکردنەوەی وردی ڕاستییەکانە دەربارەی کەسو ڕوداوو کلتور..کە یارمەتیدەرە بۆ ڕونتر فێربوونو پێشکەشکردنی کۆمەڵێك ڕێگەی جۆراوجۆر لە بیرکردنەوەی دروست بۆ چۆنێتی هەڵسەنگاندنو مامەڵە کردنو ڕەفتاریان، کاتێك باس لە کەس، ڕوداو، شوێن، ژینگە یان مێژوو دەکرێتو هۆکارو ئەگەرو لایەنەکانی ڕووندەبێتەوە، بەمەبەستی وروژاندنی بیر، لەبەرئەوەی بیرکردنەوە پرۆسەیەکە بەهۆیەوە دەتوانین نواندنە ئاوەزیە نوێیەکان پێکبهێنین، ئەمیش بە وەرگێڕانی زانیارییەکان، لەڕێگەی کارلێکی ئالۆزی ئاوەزیی (بڕیاردان، لۆژیك، وێناکردن، چارەسەر کێشە،...) دەبێت. سێ بۆچون دەربارەی بیرکردنەوە هەیە[290]:١.بیرکردنەوە بریتییە لە کۆزانیاریی(مەعریفە)، بە واتایەکی تر بیرکردنەوە پرۆسە ناواخنیەکانی زانیاریی لەخۆدەگرێت.٢. بیرکردنەوە دەستکاریکردنی کارامانەی کۆزانیاریی لەخۆدەگرێت.٣. بیرکردنەوە بەڕاستەوخۆیی ئاڕاستەی چارەسەرکردنیی لەخۆگرتووە. لەمانەشەوە چۆنێتی پەرەدان بە ڕەفتاری ئەرێی دەکەوێتە سەربیرکردنەوەی ئەرێیانە، مرۆڤەکان بەپێی ڕەفتاریان بۆ سێ جۆر پۆلێنکراون[291](ئەرێی، دوژمنکاری، نەرێی). ڕەفتار بریتییە لەو هەڵسوکەوتوچالاکیوکردانەی کە تاکێك بەئەنجامی دەگەیەنێت جا دیارو ئاشکرابێت (کردە فیسیۆلۆژیەکان)یان ناواخنو شاراوەبێت(بیرکردنەوە، یادکردنەوە،...)، کەواتە چۆنێتیو شێوازی بیرکردنەوە پێکهێنەری ڕەفتارەکانی خوێندکارەوئەوەی گرنگە لە پاڵ ئەمانەدا لە پرۆگرامی خوێندندا ڕەچاو بکرێتو تا لای خوێندکار بێزارکەر نەبێت، تەشویقکردنو ڕاکێشانی بایەخبەندی ئەوە بۆ پرۆگرامەکە، ئەمەش بەبەستنەوەی دەبێت بە ژیانی واقیعیو کۆمەڵایەتییەوە، کە دەبێت لە دانانی هەر پرۆگرامێکی خوێندندا ئەم کۆزانیارییە ڕەچاوبکرێت بەو میکانیزمی گەیاندنە و بەپێی تەمەنو قۆناغ پلەبەند بکرێت، وەك لە هێڵکاری(٣)دا خراوەتەڕوو.

[289] جون سيرل(٢٠١١: ١٠٤).

[290] C. R. Gallistel(٢٠٠١: ١٥).

[291] بڕوانە:(عدنان أحمد الفسفوس، سام ێر لويد ٢٠٠٦).




کۆزانیاریی پشتبەستوو بە حەقیقەت‌و ڕاستی

هێڵکاری(٣)

چوار بنەما گرنگە لە پرۆگرامی خوێندنی بابەتەکانی ئەم کۆزانیارییەدا هەبێت:

١. جەختکردنەوە لەسەر شوناسی نیشتمانی.

٢. مێژووی نەتەوەو پەیوەستی بە کلتورەوە.

٣. خستنەڕووی ئەو بەرەنگارییانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵ دەبێتەوەو خستنەڕووی هۆکاری سەرکەوتن.

٤- چاندنی بەهای بنەڕەتی کۆمەڵی کوردەواری.

گرنگی‌و بایەخی ئەم چەشنە کۆزانیارییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەموو میللەتێك بنەماو کۆڵەکەی فەلسەفی‌و کۆمەڵایەتی هەیە، کە لە پێڕەوی فێرکاریدا دەبێت هەبێت ئەوانیش[٢٩٢]:

١. بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ، لە پەرەدان بە لایەنگری‌و لایەنداری نەتەوایەتی‌و نیشتمانی دەگێڕن، ئەمەش بەوبابەتانەی کە پێشکەشیدەکەن، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ئامانج لێی تەحقیقکردنی ئامانجی پەروەردەیی گرنگە، کە ئەویش پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی مەدەنی‌و مافی هاوڵاتیبوونە.

٢. بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە لە گەشەدان بە بەهاو ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان‌و شێوازە ڕەفتارییەکان، کە وادەکەن چۆن خۆت بگونجێنیت لەگەڵ گۆڕاوەکانی ژیان، ئەمەش بەپێی ئەو ئەزموونە فێرکارییانەی پێشکەشیدەکەین. لەو بەهایانەش وەك (ڕێزگرتنی کلتوری کۆمەڵایەتی‌و پارێزگاریکردنی،

[٢٩٢] محمد حمیدان العبادی(٢٠١١: ١٨).

پاراستنی ڕەسەنایەتی، ڕێزگرتنی تاك، نرخاندنی بەخششەکانی بەرامبەر لە کۆنو نوێدا، نرخاندنی ڕۆڵی بەهاو ڕەوشت لە ژیانی مرۆڤدا، هاریکاری دەستاودەست لە خێزاندا، قوتابخانە هەموو کۆمەڵو جیهاندا).

٣. بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، هۆشداری کۆمەڵایەتی تاك بونیاتدەنێن، بەوەی چۆنێتی پەیوەندی بە ژینگە جۆراوجۆرەکانەوە لە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتیو کلتوریو سروشتییەوە تێدەگەیەنێتو ڕایدەهێنێتو وایلێدەکات، کە بگونجێتو بتوانێت خۆی چارەسەری گرفتەکانی بکات، بەرجەستەبوونی هۆشداری کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کە ئەمەش ئامانجی هەموو بوارێکی پەروەردەییە.

٤. بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەشداری لە بونیاتنانی تاکی هۆشیارو بەئاگا دەکەن، کە باوەڕیان بە بوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە، وایانلێدەکەن، کە تاکێکی چالاكو کارا بن لەو گۆڕانەداو گۆڕانەکە بە باری ئەرێنیدا بەرێت نەك بەپێچەوانەوە.

٥. ئەم کۆزانیارییە ناواخنی پرۆگرامی خوێندن، بە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمەوە پەیوەستدەکات.

٦. گرنگییەکی تری، پەیوەستکردنی خوێندکارە بە ژینگەوە، بۆ نمونە بابەتی جوگرافیا ئەو زانستەیە، کە پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەکەیەوە دەخاتەڕوو. بوونی پەیوەندی لەنێوان هەر شتانێکدا کارلێكو پەیوەستەگی دێنێتە کایەوە، لەبەرئەوەیە پەیوەستکردنی خوێندنگە بە ژیانەوە پێویستییەکی گرنگی پەروەردەیەو مەرجێکی بنەڕەتی بەرجەستەبوونی ئەرکی فێرکارییە، چونکە خوێندکار بۆ ژیان ئامادە دەکەین.

٢. کۆزانیاریی پشتبەستوو بە چەمکەکان:

چەمك[٢٩٣] درککردنە بە واتای بابەتەکانو ئەنجامی ئەو لێکەوتانەیە، کە لە کردەی درککردنمان بە واتای بابەتەکان دەکەونەوە، واتە ئەنجامی تێگەیشتن لە بابەتێك بە چەمك دانراوە، یان چەمك بەرەنجامی تێگەیشتنە لە بابەتێك، دیدگەیەکی ئاوەزیی گشتییەو پەیوەستە بە هەبووەکانەوە، یان بیرە گشتییەکانە، کە بۆ دیاریکردنو ڕێکخستنی ئەزمونەکان بەکاریاندەهێنین. دروستەی چەمك پێکهاتووە لە:

ا.هێما(وشە/ هێما)، ناون بۆ چەمکەکان...

ب. هێمابۆکراو، نمونەی چەمکن...

پ. تایبەتێتی، جۆرایەتییەکان(کوالیتی)، کە هەموو نمونەکانی چەمك پشکی هاوبەشیان تیایدا هەیە.

لە ئۆنتۆلۆژیدا[٢٩٤] چەمك پۆلەڕەگەزی هەبووەکانە، لە فەلسەفەی سەردەمیشدا چەمك:١.بە واتای نواندنە ئاوەزییەکان دێت، کاتێك چەمکەکان هەبووەکانو لە مێشکدا هەن.٢.توانست دەگرێتەوە، کاتێك چەمك توانستی تایبەتو ناوازەبن بۆ کارایی کۆزانیاری .٣.بابەتێکی ئەبستراکتە، کاتێك بابەتەکان لە کرۆکەواتا(پرۆپۆزشنەکان، کە هەڵگری بەهای ڕاستەقینەن) پێکهاتبێت، کە نێوانگری بیر، زمان، ئاماژەیە، هەرچی نواندنی ئاوەزیشە وێناکردنو نواندنی جیهانە لە ئاوەزداو بە بیر ناسێنراوە، لەبەرئەمەیە بە نێوەندو ڕایەڵەی پەیوەستکردنو ئاوێتەکردنو کارلێککردنی زمانوواقیع دیاریکراوە( وشەکان یەکە پێکهێنەرەکانی زمانن. چەمکەکانیش یەکە پێکهێنەرەکانی بیرن)[٢٩٥]، لە پرۆگرامی خوێندندا بابەتەکانی وەك (ماتماتیك، زانستو فیزیا) بنەڕەتی چەمك یان فەلسەفەی پۆلەڕەگەزی هەبووەکانوپەیوەستکردنو کارلێکیان بە واقیعەوە پێکدەهێننو بەهۆی چەمکەکانەوەیە دەتوانین بیرەکان

---

[٢٩٣] شیلان عومەر حسەین(٢٠١٤: ٦).

[٢٩٤] شیلان عومەر حسەین(٢٠١١: ١١٢).

[٢٩٥] Zaid Ali Alsagoff(٢٠١٠:١١).

بخولقێنین، بۆ ئەمە پێویستمان بە مامۆستای لێهاتوو هەیە، لەبەرئەوەی کۆزانیارییەکە دەوەستێتە سەر گەیاندنی شێوازی ئاخاوتنی مامۆستاکە، بۆ نموونە ماتماتیكو فیزیا، کە پەسنکەری بنەماو دیاردەو یاسا سروشتییەکانن، شیاوی گۆڕان نینو بەردەوامنو پێویستە ڕایەڵەکان دیاریبکرێنو خوێندکاران درك بە بنەڕەتی بابەتەکان بکەن، لەبەرئەوەی بابەتەکان سروشتی تۆڕئاسایان هەیە، وەك( چەمکەکان، بیردۆزەکان، تیۆر، خوارزمیەکان، یاسا...)، ئەمانە چ لە ناو خۆیاندا تەواوکەری یەکترنو چ پەیوەندیشیان بە هەبووەکانی دەرەوە لە جیهانی دەرەوەدا هەیە، بۆ ئەمەش تیۆری هێڵکاری چەمکیی، کە شێوەیەکی هێڵکاری هۆشەکییە بەکارهێنراوەو بۆ یەکەمجار لەلایەن (Novak)وەك ئامرازێکی توێژینەوە بەرهەمهێنرا، کە بەشێوەی یان ڕێگەی هێڵکاریو بەیانی تایبەتی چەمکەکانو پەیوەستبوونیان بە بابەتو سەرباسەکانەوە پێکەوەو کارلێکەکانیان خراونەتەڕوو، واتە سێ لایەنە: ١.هێڵکاریی چەمکی ٢.پەیوەندی بە بابەتو سەرباسی ترەوە ٣.کارلێك و پەیوەستبوونیانو پەیوەندی نێوانیان. میتۆدی هێڵکاریی چەمکی بەتایبەت دانراوە، بۆ سود وەرگرتن لە دروستەی دركکردنی فێرخواز بە جیهانی دەرەو، بڕوانە هێڵکاری(٤).




هێکاری(٤)

سودەکانی هێڵکاری چەمکیی:

١. هێڵکاری چەمکیی یارمەتیماندەدات، لە ڕێکخستنی زانیارییەکان لەسەر بابەتەکە، ڕێکخستنی زانیاری هەر بابەتێك هۆکارە بۆ ئاسان تێگەیشتنو توانای شیکارکردنو شرۆڤەکردنی، هێڵکاریی چەمکی کۆزانیارییەکان

بۆ پۆلەڕەگەزو پۆلەڕەگەزەکانیش بۆ سەرباس‌و ئەمانیش وەچە سەرباس‌و... ڕێکدەخات، بۆ بەئاسانی لەبەرکردن‌و دەستپێداگەیشتنەوەی خێرای بۆبکرێت. لێکۆڵینەوە کراوە[٢٩٦]، کە بە کارەکی نەخشاندنی هێڵکاریی چەمکی بەتایبەت لەلای خودی خوێندکارانەوە، هۆکارە بۆ ڕێکخستنی زانیاری‌و کۆزانیاری‌و جەختکردنەوە لەسەر بابەت‌و وردەکارییەکانی‌و خستنەڕوی ئەوەی، کە هێڵکاری چەمکیی تواناکانیان بەئاسانی بۆ شیکارکردن دەخاتەگەڕ.

٢. هێڵکاری چەمکیی فێرکردنی مانادار ئاساندەکات، بەواتا یارمەتی لە ڕێکخستنی تێگەیشتن‌و درککردنی بابەتێکی دیاریکراو دەدات.

٣. هێڵکاری چەمکیی ئامرازێکی بەهێزو پتەوە، بۆ دیاریکردنی دروستەی کۆزانیاری خوێندکار، بەتایبەت لە دیاریکردنی بۆچوون‌و چەمکە هەڵەکان‌و تەسەوراتە جێگرەوەکاندا، ئەمەش یارمەتی مامۆستا دەدات، کە چۆن بتوانێت شێوازی وانەوتنەوەی خۆی ڕێکبخات، تا خوێندکار تێبگات‌و لەلایەکی تریشەوە خودی خوێندکارەکە بەئاگا دەبێت لە چۆنێتی ڕێکخستنی کۆزانیاری‌و زانیاری دەربارەی بابەتەکە.

٤. هێڵکاری چەمکیی وەك ئامرازی یارمەتیدەری یادگەو یادخستنەوەیە.

٥. دەتوانین سەرلەنوێ بۆ چاوپیاخشاندنەوەو پێداچوونەوەی بابەتەکان بەکاریانبهێنین.

٦. دەتوانین هێڵکاریی چەمکی وەك دیزاینی کەرەستەی فێرکاری بەکاربهێنرێت، مامۆستایان پێیانوایە هێڵکاری چەمکیی ئامرازو کەرەستەی بەسودن بۆ ڕێکخستنی وانەکان، یان پرۆگرامی خوێندن‌و جگە لە یارمەتی فێرکردن‌و پلاندانان توانای خوێندکار لە تێگەیشتن‌و درککردنی بابەتەکان زیاد دەکات.

لەگەڵ ئەمانەشدا، جگە لە شێوازی مامۆستا، تاقیگەو بە ئەزموونکردنی لای خوێندکار، واتە خۆی ئاشنا بێت پێی‌وتاقیبکاتەوەو ڕاهینان لەسەری زۆر گرنگن، وەك دیاردەی پەیوەندی نێوان بڕی بارستایی‌و هێز، خۆرگیران ...، بەپێی هێڵکاری(٥) دەبێت ئاستی پێدان‌و دانانی ئەم کۆزانیارییە لە پرۆگرامی خوێندندا بەپێی قۆناغەکانی خوێندن بەو شێوەیە دابەشبکرێن

.

[٢٩٦] رشدی احمد طعیمة(٢٠٠٨: ١٣).




کۆزانیاریی پشتبەستوو بە چەمکەکان

هێڵکاری(٥)

بۆ ئەزمونی دروستەی کۆزانیاریی لەم چەشنە دەتوانرێت بەهۆی هێڵی بەیانییەوە، هێڵکارییەوە لە شێوەی تۆڕیدا بنوێنرێت، تا بە نزیککراوەیی وێنەی ئاوەزیی پەیوەست بەو چەمکە ئەبستراکتە لە مێشکی خوێندکاردا بنەخشێنن، بۆ ئەمەش دوو جۆر نواندنی بەیانیو هێڵکاری تۆڕیی بۆ دیاریکردنی چەمکەکان خراونەتەڕوو، هەردوو نەخشەی کۆزانیارییەکە مەبەست پێی خستنەڕوی چەمكو بیرەکانو چۆنێتی پەیوەستبونیانو پێکەوەو بەسەرباسو بابەتەکانەوەو، دەستنیشانکردنی دروستەو پێکهاتەیان بە شێوەی فۆڕمدروست، تا بتوانین وەك ئامرازێکی پێداگۆکییو فێرکاریی ئەم بابەتانە بەکاربهێنین، ئەوانیش بریتین لە[٢٩٧]: هێڵکاری هۆشەکیی، هێڵکاری چەمکیی.

٣. کۆزانیاریی پشتبەستوو بە زمان:

بە ڕێگای فۆڕمەلی، زمان کرۆکی وەرگرتنی هەر چەشنە کۆزانیارییەکەو دەکەوێتە سەر کارامەییو لێهاتوویی ئەو زمانەی پرۆگرامەکەی پێنوسراوە، لەگەڵ لێهاتویی مامۆستایان. بابەتی وەك ئەدەب، فەلسەفە*، خودی زمان، ئەم کۆزانیارییە دەنوێنن. کارامەییو لێهاتوویی لەهەر زمانێکدا داوای لێوردبوونەوەو تێڕامان لە زۆرێك لە تواناکان، وشەی فەرهەنگی، واتا، سینتاکس، ڕێزمان، زاراوەسازی...دەکات. وتەیەك هەیە دەڵێت :"زمان زیاتر شت وەرگرتنە، وەك شت وتنەوەو فێربوون"و لە ٩٠٪ی فێربوونی زمانی بە پرۆسەی وەرگرتن دەبێت، ئەمەش بەبەکارهێنانی بەردەوامی چەشنەکانی زمان(ئاخاوتن، گوێگرتن، نوسین، خوێندنەوە)و پەرەدان بەم چوار چەشنە ئەویش بە میکانیزمی جۆراوجۆری سەرنجڕاکێش(فیلم، سی دی، کتێب...). زمانی هەریەك لەم بابەتانە دەبێت زۆر سانا بێت، یان سادە بکرێتەوە بۆ خوێندکاران، وشەو زاراوە بەکارهاتووەکان پێویستە یەك واتایی بن نەك فرە واتاو ڕونکەرەوەی بیرێك بن نەك چەندین بیرو لێکەوتەکانیی پەیوەست بە بیرە سەرەکییەکەوە بخرێتەڕوو، لەبەرئەوەی ڕێنماییو ئاڕاستە ڕەوشتییەکان لە چوارچێوەی هێما زمانیەکاندا دەگوێزرێنەوە. لەپاڵ مامۆستادا زمان هۆکارێکی کاریگەری پەروەردەیە، بۆ ئەوەی پرۆسەی تێگەیشتن بۆ خوێندکار ئاسانو سەرنجڕاکێش بکات، بڕوانە هێڵکاری(٦):

---

[٢٩٧] Astrid Brinkmann(٢٠٠٨:٧).

* بنەما فەلسەفییەکان: کۆمەڵە بنەماو ئامانجو بیروباوەڕن کە کۆمەڵ باوەڕی پێیەتیو لە شێوەی ڕەوتی بیری یان سیاسی وەردەگرێتو ئاڕاستەی تاك دەکاتو بەهاکانی بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لە ژیان فێردەکات، واتە ڕێگای ژیانی تاك لە کۆمەڵدا دیاریدەکات.



کۆزانیاریی پشتبەستوو بە زمان

هێڵکاری(٦)

٤. کۆزانیاریی پشتبەستوو بە بەها:

هەموو فێرکردنە ئایینیو ڕەوشتییەکانە، کە لەگەڵ ژێریدا لایەنی ویژدانیش دەوروژێنن، واتە لەگەڵ دڵومێشك پێکەوە مامەڵە دەکەن، هەرچەندە تێگەیشتن لە ڕاستیو چەمکەکان پەیوەستن بە ڕەوشتو بەهاوە، واتە بەهاکان بنەڕەتی ئەم کۆزانیارییە پێکدەهێنن، بەهاش[٢٩٨] ئەو سیستەمو یاساو ڕێساو زانیارییانەیە، کە چۆنێتی پەیوەندیکردنو مامەڵکردنی مرۆڤ، لەگەڵ دەوروبەریدا،گەردون، ئاژەڵ... دیاریدەکات دەگرێتەوە. بەهاکان تەنها لەناخی مرۆڤدا هەن، بۆ چاندنی بەهاکان پێویستە دەرونو ناخی خوێندکارانی بۆ ئامادەباشی بکەین.

بەهاکان لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی کارلێکی دەرونی مرۆڤ و ئەنجامی فێربونی ئەو زانیارییانەی وەریگرتووە دێت. کەواتە بەها پەیوەستە بە تواناو لێهاتوییە مەعریفییەکانی تاك بەوەی پەیبردنو درککردنی ئەو بۆ بەهاکانو لەسەر ئەو زانیاریانەی، کە هەیەتی هەڵبژاردن دەکات. وتراوە بەها بە سنورو چێوەی ژێدەری مەیلو بیرو باوەڕو بڕوا، کە لە پێکهاتەی مەعریفەی مرۆڤدایەو ئاڕاستەی ڕەفتاریدەکات دانراوە، کە لەسەرەنجامیدا بەم پێوەرە حوکم لە باش یان خراپی، خوازراو یان نەخوازراو جوان یان ناشرینی بابەتەکان دەکاتو دیاریکەری ڕەفتارو هەڵسوکەوتو کردارەکانی مرۆڤە. بەها کۆمەڵێك ئەحکامی وەرگیراوە لە بارودۆخی کۆمەلآیەتییەوە مرۆڤ وەریاندەگرێتو بەهۆیەوە بواری بیرکردنەوەو ڕەفتارو زانینی پێدیاریدەکات(ڕاستگۆیی، ئەمانەتپارێزی، هەستکردن بەبەرپرسیارێتی، دڵسۆزی...)ئەمانە نمونەی بەهان، یان بەها کۆمەڵە بیروبڕوایەکی ڕەوشتی گرنگوبەردەوامە، کە لەلایەن ئەندامانی کلتورێکەوە بۆ هەڵسەنگاندنی چاكو خراپ دیاریدەکرێتوکاریگەری گەورەی لەسەر بیروبۆچونوهەڵسوکەوتی تاك هەیە، کاردانەوەی لەسەر براوو پێڕەوی بەهاو نرخاندنی خوێندکار دەبێتو پاشان دەبێتە هۆی گۆڕانی بیرو بیرکردنەوەییو دواجاریش گۆڕانی ڕەفتارو شێوازی ژیانیشی لێدەکەوێتەوە، لەمەوە دەبێت جەختبکرێتەوە سەر گۆڕانی ناوەوەی تاك، گۆڕانی هەڵوێستی، ڕێککاری خودییو چاودێریکردنی( ئاخاوتنی، ڕاستگۆییو ئازادیی...)،

[٢٩٨] حسن جعفر الخلیفە(٢٠١٣: ١٥).

دەبێت بیری تاك بوروژێنرێتو ئاڕاستەی بکرێتو وایلێبکرێت کە خۆی بە وردی بیربکاتەوە، لە پێناو داهێنانی بڕوای نوێ، کە ئەمەش کرۆکی پەروەردەی ڕەوشتیەو پیادەکردنی زۆر گرنگە لە کۆمەڵدا، وەك لە هێڵکاری(٧)دا پیشاندراوە:




کۆزانیاریی پشتبەستوو بە بەها

هێڵکاری(٧)

لە پرۆسەی فێرکدندا دەبێت بەهاکان بچێنینو پەرە بە ژیریی خوێندکار بدەین، لەگەڵ زیادکردنی کۆزانینیدا، ئەمەش کاردانەوەی بەسەر ڕەفتارو ئاکارەیان دەبێت، بەوەی بەهاکان پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی دروست، تەنانەت ئەو پێوەرەیە کە پێودانگی کارو ڕەفتاری پێدەکەین، ڕۆڵێکی گرنگ لە یەکگرتویی کۆمەڵو دروستی تاکەکانی دەگێڕێتو بەشداریکەری سەرەکی دروستکردنی کەسێتی تاکە، بەها کرۆکی پرۆسەی پەروەردەکردنەوپاڵپشتێکی بنەڕەتییە، کە پەرەپێدانی کۆمەڵی پێوەبەندە، زانایانی دەروونناسی لاوازی پەیوەستبوون بە ڕایەڵەکانی بەهاوە، لە زۆرێك لە کۆمەڵگاندا دەگێڕنەوە بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی دەرونیوعەقڵی. بەها پێکهێنەری ڕەوشتەو ڕەوشت کۆمەڵە بەهاویاساو بنەمایەکی کرۆکیی چەسپاوە لە دەروندا، کە بەهۆیەوە دروستیونادروستی بابەتەکان دەنرخێنین، واتە بەوپێیەی ڕەوشت چەسپاوەو لە دەروندایە، کەواتە ناواخنییە پێویستمان بە دیاردەیەکە ئەو سیفاتە دەرونییە بنوێنێت، لە دەرەوە ئەویش ڕەفتارە، کەواتە ڕەفتار ڕوی دەرەوەی ڕەوشتە، لەبەرئەوەی هەر کەسێك ڕەفتاری باش بێت ئەوا ڕەوشتیشی باشەو بەپێچەوانەشەوە..هەموو ئەمانە سەرچاوەکەی بۆ ئەو کۆزانیارییانە دەگەڕێتەوە، کە دەبێت ناواخنی پرۆگرامی خوێندن لەخۆیانی گرتبن.

## بەشی دووەم

## هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاریی پرۆگرامی( خوێندنی کوردی ) قۆناغی بنەڕەتیی:

### ١/٢ ) ئەرکی زمان:

دروستەی کۆزانیاریی پرۆگرامی خوێندنی کوردی، بەپێی ئەو تیۆرەی لە (٢/١)دا خرایە ڕوو، دەچێتە ناو ئەو بابەتانەی پشتبەستووە بە زمان، بە واتا زمان بەهەموو چەشنەکانیەوە(ئاخاوتن، گوێگرتن، نوسین، خوێندنەوە)ئامڕازو هۆکاری سەرەکییو بنەڕەتیی گەیاندنی ئەم کۆزانیارییە، لەبەرئەوە بۆ دیاریکردنو نرخاندنو هەڵسەنگاندنی کۆزانیاریی پێویستە، لە خودی زمان بکۆڵینەوەو بزانین تواناو کارایی ئەم ئامڕازە لە چاندنی ئەو کۆزانیارییانەی پێویستە، بەهۆی ئەم پرگرامەوە لە ناخی خوێندکاردا بچێنرێت چەندە؟ چونکە ئەم ئامڕازە ئەگەر هەڵگری ئەم کۆزانیارییانە نەبێت نەك گەیەنەر نابێت، بەڵکو دەبێتە ئامڕازێکی نەرێنی لە پەروەردەدا، بەو پێیەی زمان ئامێرێکی دوو لایەنەیەو ڕێنماییو ئاراستە ڕەوشتییەکان لە چوارچێوەی هێما زمانییەکاندا دەگوێزرێنەوە.

زمان[٢٩٩] هۆکاری پەیوەستکردنی تاکە بە کۆمەڵەوە. کۆکەرەوەو هەڵگروخەزێنەودەربڕی هەموو لایەنەکانی تاکو کۆمەڵە، ئاوێنەی کلتورو بیرو دیوانی شارستانیەتییەتی، لەگەڵ ئەرکی گەیاندنو تێگەیشتنی نێوان تاکەکاندا بۆتە کەرەستەو ئامڕازی سەرەکی، کە مرۆڤ بیریپێدەکاتەوەو پێی فێردەبێت ، کاتێك منداڵ فێری زمان دەکەین فێری کلتورو بەها کۆمەڵایەتییەکان وژیانی دەکەین، لەڕێی ئەو واتاوبیرانەی، کە بەهۆی زمانەوە وەریدەگرێت، لەبەرئەوە هەر کەموکورتییەك لە زماندا(زمانی ئاخاوتن، زمانی خوێندن،...) گرفت بۆکۆزانینوبیرو چۆنێتی بیرکردنەوەوفێربوونو پەیوەندی–لەیەکگەیشتنی منداڵان دروستدەکات، لەلایەکی تریشەوە گوفتارو ڕەفتارو ئاکارەکانیش، کە لێکەوتەی ئەمن، پێکدەهێنێت.

هەموو بابەتەکانی وەك شێوازەکانی ئاخاوتن، شیکردنەوەی ئاخاوتن، زمانو کۆمەڵ، زمانو کلتور، ئەنسرۆپۆلۆژی واتا، ئەسنۆگرافی ئاخاوتن، دیالێکتی دیاریکراو، .. لەو بابەتە گرنگانەن، کە زانایانی بواری ئەنسرۆپۆلۆژی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، بۆ دیاریکردنی پەیوەندی زمانو ڕەفتاری مرۆڤ پەنایان بۆ بردووە، بۆ ڕونکردنەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، زانایانی بواری ئەنسرۆپۆلۆژی پەنا بۆ سیستمی مەعریفی مرۆڤ دەبەن، کە بە کلتور ناسراوەولای زانایانی زمانەوانی بە ڕێزمان(شێوەکانی ئاخاوتن، کە دیاریکەری جۆرەکانی ڕێزمانە) دیاریکراوە.زانایانی بواری زمانەوانی ئەنسرۆپۆلۆژی[٣٠٠] هاتن ئەم دوو بابەتەیان پەیوەستکرد بەیەکەوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، تا واتای ئاڵوگۆڕکراو بدۆزنەوە، لەبەرئەوەی پێیان وایە (تۆڕی جۆرەکانی کلتورو شارستانی لە ناواخنی ئەو زمانەی گوزارشتی پێدەکەین پێڕستکراوە)[٣٠١]. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، کە بمانەوێت لە ڕەفتاروکلتوروکۆمەڵ بدوێین، بەبێ ڕێنمویی هێمای زمانیی، لەبەرئەوە زمان بە ڕێنمویکاری واقیعی کۆمەڵ دانراوە. ئامانج لە پرۆسەی فێرکاری لە قۆناغی بنەڕەتیشدا هەر لەهەمان سۆنگەوە ڕێچکەی گرتووەو، بەپێی ئەم میکانیزمانە، ئەم بیرەی بەم شێوەیە بەرجەستە کردووەو پێکهاتووە لە:

١. پێدانو بەخشینی هەموو داواکارییە فێرکارییە بنەماییەکان، لە مەعریفەو لێهاتویی بۆ پێگەیاندنو ئاراستەکردنیان. وەرگرتنی هەموو ئەوانەی بۆ پەرەپێدانی خودی خۆیو پەیوەندیگرتنی بە دەرەوەی خۆی پێویستە.

---

[٢٩٩] شیلان عومەر حسەین(٢٠١٤: ٥).
[٣٠٠] Kendon, Adam (١٩٨٦:٦٢).
[٣٠١] Gneeenberg(١٩٧١:٢٧١).

٢. وەرگرتنی بەهای کارکردنو بەرهەمهێنانو دڵسۆزیو هاوبەشیکردنو مامەڵەکردن، لەگەڵ کێشەکاندا بە هۆشیاریو زانیارییەوەو خۆگونجاندنو... .

٣. وەرگرتنی دابونەریتو ڕەفتارەکان، قوتابخانە بنەڕەتییەکان دەتوانن ئەمانە جێبەجێبکەن لەڕێگەی:

ا. بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن (بەتایبەت زمانی کوردی)، بە بەرجەستەکردنێکی کارەکی لە چاندنی بەهاو دابو نەریتو پێوەرو....

ب. بەرچاوڕۆشنی خوێندکار، بە بەها کوردییەکانو ڕەوشتە ئەرێنییەکان، کە ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی کەسێتی تاکی کورددا هەیە.

پ. وەبەرهێنانی بۆنە نیشتمانیو جەژنە نەتەوەییەکان، لە قوڵکردنەوەی مەعریفەو بەهاو پێوەرەکان.

ت. پەیوەستکردنی خوێندکار بە کۆمەڵەکەیو خێزانو کلتورەکەیەوە، ئەمەش بە دەرخستنی ڕۆڵو پایەی زانایانو بیرمەندانی پێشینەو ئێستاو شوێنەوارە دێرینەکان، ژینگە جوگرافیەکان...

دەبێت، ڕەچاوی(پۆل، ژمارەی وانە، ژمارەی بابەت، ژمارەی لاپەڕە، ژمارەی وێنە، ژمارەی هێڵکاری،...) بۆ هەر بابەتێك بکرێت.

بە پوختی ئەرکی زمان لە پرۆگرامی خوێندندا بەگشتیو پرۆگرامی خوێندنی کوردی بەتایبەتی، بە خاوەنو هەڵگری هەموو ئەو بەرپرسیارێتیانە دانراوە، کە بەرامبەر بە خوێندکارو کۆمەڵگاش هەیەتی، شیکردنەوەی زانستیانەو دانانی پێوەرو بنەما، بۆ هەڵسەنگاندنو دیاریکردنی ئاستی لەمەڕ ئەو بەرپرسیارییەتییەی کە هەیەتی پێویستو گرنگە.

**٢/٢ ) پێوەرو بنەما:**

دروستەی کۆزانیاریی، لەپرۆگرامی خوێندنی کوردیدا لە شیکردنەوەی ناوەڕۆك[٣٠٢]دا کۆبەندکراوە، ئەمیش شێوازێکە، یان تەکنیکێکە بۆ شیکردنەوەی کەرەستە زمانییو نازمانییەکان بەکاردێت، یان شێوازێکی توێژینەوەی زانستییە ئامانج لێی پەسنکردنی بابەتێتیو ڕێکخراوەییو چەندێتی ناواخنی، لە کەرەستەکانی پەیوەندیگرتنەوە، بۆ وێناکردنی ڕەفتاری تاكوبارودۆخە کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابوریو...کۆمەڵگەیەك بەکاردەهێنرێت. هەنگاوەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکیش( هەڵوەشاندنەوەو شیکردنەوەی بابەتەکە، هەڵهێنجان، ڕەخنەگرتن) لەخۆدەگرێت.

ناوەڕۆکی هەر مادەیەکی فێرکاری سێ لایەن لەخۆدەگرێت[٣٠٣]:١. لایەنی مەعریفی، بەرپرسە لە پێدانی زانیاری بە سروشتی بەهای زانستی(بەهای زانستی پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ پرۆسەی بیرکردنەوەدا هەیە)، ئەمیش ئەم لقانەی لێدەکەوێتەوە: ا. ڕاستیەکان(حقائق): جۆرێکە لە مەعریفەو بابەتێکی چەسپاو، کە دوودڵی نییە بەرامبەری دەنوێنێت، کە بە گۆڕانی کەس، شوێن، کات ... ناگۆڕێت(هەڵهاتنی خۆر لە خۆرهەلاتەوە). یەکەی شیکردنەوەی بریتیە لەو واتایانەی لە سەرتاپای پەرەگرافێکەوە دەستماندەکەوێت، واتە شیکردنەوەی پەرەگراف یەکەی ئەمە.
ب. چەمکەکان: بیرێکی ئاوەزیی ڕوتە، یان وێناکردنی جیهانی واتایی (سیفاتو تایبەتی) وشەیەکی دیاریکراوە، لای زۆرێك لە خەڵکی، یان گوزارشت لە کۆمەڵە واتایەکی زارەکی دەکات، کە ئاماژە بە کۆمەڵە سیماو تایبەتی بابەتێکی دیاریکراو دەدەن، وەك (وشەی نوێژ هەموو واتاکانی پاکوخاوێنی، دەستنوێژ، تەیەموم، ئەرکانی نوێژ...لەخۆ دەگرێت). یەکەی شیکردنەوە لێرەدا بریتییە لە شیکردنەوەی واتاو بەکارهێنانو تایبەتی.. وشەکان، بۆ دیاریکردنی چەمك. پ. گشتوەگیری: درککردنی پەیوەندی نێوان زانیاریو ڕاستیو چەمکە، تا لە ڕێگەیەوە بگەینە حوکم یان یاسایەکی گشتی، کە بەسەر زۆرێك لە بارودۆخو نمونەکان جێبەجێبکرێت(بڵاوبونەوەی ڕەوشت بەرزی کۆمەڵێکی

---

[٣٠٢] رشدی احمد طعیمة(٢٠٠٨: ٢٠).

[٣٠٣]رفعت محمد حسن، علی عبدالمحسن(٢٠٠٦: ٢٥).

بەختەوەری لێدەکەوێتەوە)، یەکەی شیکردنەوەی بریتییە لەو واتایانەی لە سەرتاپای پەرەگرافەکەوە دەستماندەکەوێت. ٢. لایەنی لێهاتویی: راپەڕاندنی کارە بە وردیو سەلیقە، بەکەمترین وزەوکاتو تێکۆشانو تێچون، یەکەی شیکردنەوەی ڕستەیە(بە لێکدانەوەی واتای ڕێزمانیو فەرهەنگیو...)و بریتین لە: ا. لێهاتویی ژیریی، ئەوانەن کەپەیوەستن بە ژیریەوە وەك بریاردان، هەڵسەنگاندن، ڕاڤەکردن، هەڵهێنجان، بەراوردکردن... ب. لێهاتویی ڕاپەڕاندنو بزواوی، ئەمیش ئەوانە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بە ئەدائەوە وەك نواندن، نمایشکردن، خوێندنەوەی دەق، نەخشاندنی وێنە... ٣. لایەنی ویژدانی، بەرپرسە لە پێکهێنانی مەیلو ئاڕاستەکانی تاكو پێکهاتووە لە: ا. مەیل، ئامادەیی دەرونە بۆ پەسەندکردنی بابەتێك(حەزکردن لە، نادروستی بەدڵبوون، ڕقلێبوونەوە،پەسەندکردن...). ب. ئاڕاستەکان: گوزارشت لە هەڵوێستی ژیری دەکات، لە پەسەندکردن یان ناپەسەندی پرۆسەیەك دوای تاووتوێکردن، بیرو بنەمای ئەو پرۆسەیە. پ. بەها بنەمای دەستەیەك لە ئاڕاستەو پێوەرو بڕواکان لەخۆ دەگرێت، یان بەها لە چالاکی ڕەفتاری تاکەکاندا دەنوێنرێت، بە واتا مەیلو ئاڕاستەو کردارەکان بەرهەمی بەهاکانو زمانیش پەسنکەری بەهاکانن، بەهاش پەیوەستە بە ڕەوشتەوە بریتییە لە کۆمەڵە بنەماویاسایەك، کە ڕێکخەری ڕەفتاری مرۆڤن، کە دیاریکەری پەیوەندییەکانێتی چ لەگەڵ خودی خۆی یان دەوروبەری، ڕەفتار وەرگێڕو باڵانماو ڕەنگدەرەوەی بیرو زمانە. پێویستە لە ناواخنی ڕەوشتیی(بەها، دابونەرێت...)، کە یەکە زمانییەکان هەڵگرینی بکۆڵینەوە. بەهاکان بە گرنگترین بنەمای کلتور دانراون، لەبەرئەوەی:

١.دەچنە ژیانی تاكو دواتر کۆمەڵیشەوە، ئەمەش وایکردووە کە جێگەی لێکۆڵینەوەو گرنگیپێدانی فەیلەسوفو زانایانو بیرمەندان بێت، بە تایبەتیش زانایانی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان، لەوەش گرنگتر لە ئێستا زەقکردنەوەو گرنگیدانی زیاتر پێی، بۆئەوەیە کە مرۆڤ لایەنداریو شوناسو خودێتیو نەتەوەیی خۆیی پتەوبکات، بەم شۆڕشی تەکنەلۆژیاو بێ سانسۆری کلتوریو فرە کلتوریو ڕۆشنبیریەداو گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان یان تاك بەبەردەوامی لە کێشمەکێشو کاریگەریو کارتێکردندایە.

٢.گرنگی بەها لەوەدایە، کە بە پایەیەکی کارەکی پەروەردەیی دادەنرێت، لەبەرئەوەی گرنگترین ئامانجی پەروەردە فێرکردنو فێرکاری فێربوونی بەهایەو تۆڕی یان چنراوی بەهایی، لە بنەما بنەڕەتییەکانی کاری پەروەردەیین، لەمەشەوە هاوکێشەی ئەوەی کە سیستمی پەروەردەیی هەر کۆمەڵێك ڕۆڵێکی کارا، لە بنیاتنانی بەهای ئەرێنیو لابردنی بەها نەرێنییەکان، لە ژیرییو ڕەفتاری تاکدا دەگێڕێت.

پۆلێنکردنی بەها بەپێی (شیکردنەوەی ناوەڕۆك) بریتین لە[٣٠٤]:

١.بەهای کۆمەڵایەتیی Social Values بە گرنگیدانی تاك بە چۆنێتی بنیاتنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئەوانی تردا لە خۆشەویستیو هاریکاریو ڕاستگۆیی... دەردەبڕێتو گوزارشتی لێدەکرێت.

٢.بەهای ئابوریی Economic Value بە چۆنێتی گرنگیدانی تاك، بە بەدەستهێنانی ماڵاتو ڕێگاکانیو چۆنێتی بەکارهێنانو بەکاربردنو ڕاگرتنی ئاسایشی ئابوری دەبێت.

٣.بەهای جوانیی Aesthetic Values گرنگیدانی تاك بە هەموو جوانییەکان، لەلایەنی فۆرمو شێوەو گونجاندنو هاوئاهەنگیو ڕێکخستنیان.

٤.بەهای رامیاری: بە بایەخپێدانی تاك، بە چالاکییە رامیارییەکانو مامەڵەکردن لەگەڵ جەماوەرو دیاردەکانی کۆنترۆڵو هێزو مافی تاكو ئەركو ڕێژەی ئازادی پێدانیان لەخۆدەگرێت.

[٣٠٤] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پۆلێنکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن بڕوانە:ا. رفعت محمد حسن(٢٠٠٦: ٣٣)، علی عبدالمحسن، ب. رشدی احمد(٢٠٠٨: ٢٩).پ. محمد حمیدان العبادی(٢٠١١:١٧).

٥.بەهای ئایینی Religious Values بە گرنگیدانی تاك بە ناسین‌و زانینی بنەڕەتی مرۆڤ و ئامانج لێی‌و سەرەنجامی‌و سروشتی گەردون‌و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا گوزارشتی لێدەکرێت.

٦.بەهای تیۆریی Theoretical Values بە زانینی تاك‌و دۆزینەوەی ڕاستی‌و مەعریفەی یاساکان، کە بڕیار لەسەر بابەتەکانی پێدەدرێت، دیاریکراوە.

٧.بەهای تاکی‌و کەسیی Personal Values ناسینی تایبەتێتی‌و سیمای کەسێتی مرۆڤو هەموو لایەنەکانی دەگرێتەوە.

٨.بەهای ڕەوشتیی Moral Values زانین‌و ڕەفتارپێکردنی ڕەوشتە باشەکان‌و دوورکەوتنەوەیە لە خراپەکان.

٩.بەهای مادیی‌و لاشەیی: بە گرنگیدانی تاك بەوەی کاریگەری لەسەر تەندروستی‌و لاشەی هەیە لە پاراستن‌و سودپێگەیاندن‌و ئاسایشی تەندروستی دەگرێتەوە.

١٠. بەهای تەرفیهیی (تەنزئامێز).

١١. بەهای مەعریفی‌و زانستیی.

١٢.بەهای نیشتمانی‌و نەتەوەیی.

سەرچاوەکانی بەها: خودی تاك، خودی کۆمەڵگا، خودی یاسان.

بنەماکانی/ ڕەگەزەکانی بەها بریتین لە :١. ئایین. ٢. زمان. ٣. کلتور: بەرهەم‌و دەستکەوتە کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییە کەڵەکەبووەکانی مرۆڤە بە درێژایی تەمەن. دەتوانین کلتور بە پێڕەوێکی تەواوکاری‌و پڕاوپڕی ئەم بنەمایانە وەسف بکەین :ا. بنەمای مەعریفی کە پەیوەستە بە ژیان‌و کۆمەڵەوە. ب. بیرو بڕوا کە شێوازەکانی باوەڕ کە پەیوەستە بە ژیان‌و گەردونەوە لەخۆدەگرێت. پ. دابونەریت کە کۆکراوەو پێڕەوبەندکردنی کردارو ڕەفتارو جۆرەکانی هەڵسوکەوت، کە یارمەتیدەرە لە ڕێکخستنی ژیانی تاك‌و کۆمەڵ. ت. هێماو ڕەمزەکان: کە زیاتر بە زمان دەنوێنرێن‌و پەیوەندییە هێماییەکان کە واتا کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ پێکدەهێنن. ج. بەهاو پێوەر، ئەمانە ئەو بنەمایانەن، کە ئاڕاستەی تاك‌و کۆمەڵ بەرەو شتەکان دیاریدەکەن.

٤.مێژو و جوگرافیا (مێژوی نەتەوەو کارلێك دەسەلات.. جوگرافیای سروشت‌و ئاوهەواو کاریگەری لەسەر پێشکەوتن‌و شارستانی‌و... وەك بوونی نەوت لە کوردستان، ڕوەك‌و زەوی...

٥.داب‌و نەریت‌و هونەری میللی، وەکو بنەمای هونەری میللی (پیشە، لێهاتوویی، گۆرانی‌و ئاواز، چیرۆك، داستان...).

گرنگترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە بۆ چاندنی بەهاو ناوەڕۆکە ڕەوشتییەکان، لە پرۆسەی خوێندندا:١.پێشەنگ بوون. ٢. بڕوا دروستکردن. ٣.پاداشت‌و سزا. ٤. پەروەردەی ویژدانی. ٥. هاوڕێی باش. ٦. ئامۆژگاری‌و ڕێنمویکردن.

گرنگی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ[٣٠٥]:

١. ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن دەردەخات، لە ناساندنی بەهاو ڕۆڵی، لە پاڵپشتیکردن‌و چەسپاندنی پەروەردەو دواتریش پارێزگاریکردنی لایەنی کلتوری فەرهەنگی‌و ڕۆشنبیری کوردیی، کە ئێستا لە مەترسیدایە.

٢.تیشك خستنە سەر بابەتێکی زیندووی گرنگی ژیانی تاك، کە بەهایە کە ئاڕاستەو بیرو ڕەفتاری لەسەر ئەمەیەو کارو کاردانەوەکانی بۆ خۆی‌و بۆ کۆمەڵ لەسەر ئەمە بنیاتدەنێت.

یەکەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بریتین لە[٣٠٦]:

[٣٠٥] محمد حمیدان العبادی(٢٠١١: ١٠).

[٣٠٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١. وشە. ٢. ڕستە. ٣. پەرەگراف. ٤.بیر. ٥. وێنەو هێڵکاریو نەخشە (ئامانج لە وێنە تەماشاکەو قسە بکە)یە.
بۆ پەرەپێدان بە دەربڕینی زارەکی، وەك یەکێك لە هونەرە بنەڕەتییەکانی زمان کە ئەمە بۆ خوێندکار لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە.

### ٣/٢ ) هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندنی کوردیی قۆناغی بنەڕەتیی:

مەبەستمان لە وشەی ناوەڕۆك (هەموو پێکهاتەو تایبەتێتیو سیمای جیاکاری بابەتێك و کرۆکەی دەگرێتەوە)[٣٠٧]، ڕەوشتیش بنەماو ڕێسای ڕێکخراوە بۆ ڕەفتاری مرۆیی، کە دیاریکەری سروشتی ڕێککاری ژیانیو پەیوەندی بە کەسانی ترەوەو بەدەستهێنانی ئامانجیەوەی هەیە.

لەکۆی ئەمانە، ناوەڕۆکە ڕەوشتییەکان بریتین لە ڕستێك یان دەستەیەك لە بەهاو بنەماکان، کە هانی خوێندکاران دەدەن، بۆ ڕەوشتی جوانو خۆڕازاندنەوە، بە بنەما ڕەوشتییەکانو دەبێتە پێوەر بۆیان، کە دەتوانن هەموو هەڵسوکەوتو ڕەفتارەکانیانی پێ بپێون .

بە پێی ئەو پێوەری زانکۆی[٣٠٨] (OXFORD)، بۆ دانانی ناوەڕۆکە ڕەوشتییەکان بۆ قۆناغەکانی بنەڕەتی خستویەتیەڕوو، بەم شێوەیە دیاریکراوە، ناوەڕۆکی ڕەوشتی بۆ قۆناغی یەکی بنەڕەتی،(١٢) ناوەڕۆکەو بریتین لە: (ڕێزگرتنی/ گوێڕایەڵی دایكوباوك، ڕێزگرتنی گەورە، پاکوخاوێنی، ڕێزگرتنی بەرامبەر، نرخاندنی زانست، ئادابی ڕۆیشتن، سەلامکردن، ڕاستگۆیی، گوێرایەڵی، مامەڵەی جوان، ئەمانەت، هاوڕێیەتی)..

ناوەڕۆکی ڕەوشتی بۆ قۆناغی (٢)، (١٤) ناوەڕۆکەو ئەوانیش: (بەخشین، بەزەیی، وەفا، بەخشندەیی، سەردانکردن، ئارامگرتن، سەردانی نەخۆش، دڵسۆزی لەکاردا، خۆشویستنی زمان، لێبوردەیی، خۆشویستنی ئەوانی تر، خۆشویستنی زانست، یاسا فێربوون، خۆشویستنی نیشتمان).

ناوەڕۆکی ڕەوشتی بۆ قۆناغی (٣)، لە(١٦ ناوەڕۆك)پێکهاتووەو لەوانە: (بوێری، دڵسۆزی، سوپاسگوزاری، دادپەروەری، چاکەکردن، خاکیبوون، ئامۆژگاریکردن، ئارامگرتن، شەرمکردن (حیاو)، قوربانیدان، پیاوەتی، دەستپاکی، دامەزراوەیی، بڕوا، بەخشندە، یارمەتیدانی یەکتر). بۆ قۆناغەکانی تری بنەڕەتیی، بەهەما شێوە ئەم ناوەڕۆکە ڕەوشتیانە، بە بنەما دانراونو بۆ هەر قۆناغە بەهای تری بەپێی قۆناغەکان بۆ زیادکراون.

هەموو میللەتو نەتەوەو کۆمەڵێك پابەندە بە پایەو کۆڵەکەو ڕایەڵەکانی مانەوەیان، کە ئەوەش دەوەستێتە سەر دامەزراوە پەروەردەییەکان (بە شێوازی ئەدائکردنو پرۆگرامی خوێندنو...)و پایەی فەلسەفیو کۆمەڵایەتی چەسپاو، کە یەکێتی بیریی هەر کۆمەڵێك دەپارێزێتو تاکەکانی دەتوانن ڕووبەڕووی هەموو کێشەو گرفتەکانی ناو ئەو کۆمەڵەو دەرەوەشی ببنەوە، میللەتی هۆشیار ئەوانەن، کە پابەندن بە ڕەسەنایەتیو جوانکردنی ڕەسەنایەتیان، بە شارستانییە پێشکەوتووەکانو ڕازاندنەوەیان، لە چوارچێوەی کۆڵەکە کۆمەڵایەتییە چەسپاوەکان، ئەمەش بەهۆی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە دەبێت.

کۆبەندی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندنی کوردیی، قۆناغی بنەڕەتیی بە پێی پێوەرەکان، بەم شێوەیە کورتدەکەینەوەو دەیخەینەڕوو:

---

[٣٠٧] قاسم خزعلی(٢٠٠٩: ٣٢).

[٣٠٨] WWW.OUP.COM/ELT

١. ناونیشان: ا. ناونیشان ڕێنموییو ڕێبەرێتی خوێنەر بۆ بەرهەمەکە دەکات، واتە ئەو دەبێتە کلیلو ڕێنموکارو کۆکراوەو پوختەی ناواخنی هەر پرۆگرامێکوسەرتاپای هەر پرۆگرامێك ڕونکەرەوەو درێژەپێدەری ئەو بیرەیە، کەلە ناونیشاندا هەیە.

ب. نابێت ناونیشان دورودرێژو بێزارکەر بێتو دەبێت یەك ناونیشانی بێت، نەك هەر قۆناغە بەجیا ، بۆ نمونە(ئەلفبێ، خوێندنەوەی کوردی، ڕێزمانو خوێندنەوەی کوردی، زمانو ئەدەبی کوردی...)، ئەم جگە لە گەورەو بچوکی نوسینەکان، هەموو ئەمانە ناپێرەوبەندی لای خوێندکار بەرهەمدێنێت، بڕوانە پاشکۆکان.

پ. لەڕوی دەرونیەوە دەبێت ڕەچاوی ئەو وشەو دەستەواژانە بکرێت، کە لە ناونیشاندا بەکاردەهێنرێن، پێویستە سەرنجڕاکێش بێتو ئاوێنەی دەرونو دنیابینی منداڵ بێت لەم قۆناغەدا ، بۆ نمونە (ئەلفبێ) ئەمە چ بیرێك لای منداڵ دروستدەکات، لە کاتێکدا ئەو هێشتا ئاشنا نەبووە پێی، دەبێت ناونیشانێك بێت بۆ منداڵ بێت، زانایانی دەرونی دەڵێن گەورەترین فشاری دەرونی لەتەمەنی چوونە قوتابخانەی منداڵ کە دروستدەبێت بریتییە، لە دورکەوتنەوەی لە خێزانو ماڵەوەی، بۆیە دەبێت لە زۆر لایەنەوە کاربۆ ئەوەبکرێت ئەوەیان لەسەر سوکبکرێت، ئەمەش هەر لە دانانی ناونیشانەوە پێویستە هەژماری بۆ بکرێت.

ت. واباشترە پرۆگرامی کوردی یەك ناونیشانی بێت، بۆ هەموو قۆناغەکانو ئاستەکانیان بە ژمارە دیاریبکرێت.

ج. بیریی ئەو وێنەیەی لەبەرگدا دادەنرێت، دەبێت تەواوکاری ئەو بیرە بێت، کە لە ناونیشانەکەدا هەیە، بە واتا نوسینو وێنەکان تەواوکاری یەکتربن، نەك هەر یەکەی لە ئاوازێك بخوێنێت، منداڵان زۆر وردن زۆر گرنگە ڕەچاوی هەموو شتێك بکەین لە پرۆگرامی خوێندندا، بەراوردی ئەو دوو بەرگە بکە، لە پاشکۆکان.

ح. وێنەو هێڵکاری باشترین هۆکارن بۆ نەخشاندنی وێنەی ئاوەزیو پڕاوپڕکردنی ئەو بیرانەی بە نوسین دیاریکراوە، بەتایبەت لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتیی، کە چی وێنەی سەر بەرگی هەموو قۆناغەکان، ئەو ئامانجە بە تەواوی ناپێکێتو زۆر گرفتدارە، بەوەی:

یەکەم: بۆ نمونە لە جیاتی وێنەی دووخوێندکار بە تەنیا، کە نائارامی دەرونی بۆ خوێندکار دروستدەکات، بەتایبەت بۆ قۆناغەکانی(١-٦)، دەبێت وێنەیەك بێت وابەستەی بکات بەخێزانەوە.

دووەم: کەمو کورتییەکی تری وێنەی بەرگەکان لەوەدایە، کە ناپێرەوبەندانە دانراون، بۆ نمونە قۆناغی (١)و(٢) وێنەی دوو خوێندکارن، لە قۆناغی(٣) دەبێتە وێنەی بەرخو جۆلەکەیەك، لە قۆناغی(٤)دا ئەدوو منداڵەی وێنەکە بچوکترن لەوەی کە لە قۆناغەکانی پێشەوەدا هەن، کە دەبوو بە پێچەوانەوە بێت، دواتر لە قۆناغەکانی تردا دەبێتە وێنەی دیمەنی کوردستان، ئەمەش بە ناڕاستەخۆ بێ پلانی فێری خوێندکاران دەکات، بڕوانە پاشکۆکان.

سێیەم: ناپێرەوبەندی وێنەو بیرەکان پێکەوە، بۆ نمونە لە قۆناغی دووەم، لە لاپەڕە (٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣) بەبێ هیچ پێشەکیو پاشەکیەك پڕکراوە لە جۆرەکانی مینو تەقەمەنی، کە ڕاستەوخۆ ترسو تۆقاندن لە دڵی منداڵدا دەچێنێت، لە قۆناغی دووەمدا لاپەڕە(٥٤-٦٩)، لە قۆناغی سێیەمدا وێنەی لاپەڕە(١٧)و (٤٣،٤٦) هەڵەیەو پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، لە قۆناغی شەشەم لاپەڕە(٤٠)، بۆنمونە بابەتی کتێبەو وێنەی شاخو داخە لاپەڕە (٧٤).

چوارەم: پێویستە وێنەکان زۆرتربن لە نوسینەکان، نەك بەپێچەوانەوە، بەیەك وێنە گوزارشت لەبیری نوسینەکە نەکەین، بەڵکو بە چەند وێنەیەکی جۆراوجۆر هەموو لێکەوتەو بەکارهێنانەکانی بەپێی تەمەنی ئەو منداڵە بخەینەڕوو، وەك لە پاشکۆکاندا دیارە.

٢. کاتێك یەکەم پەڕەی پرۆگرامەکە دەکەینەوە پێویستە هەمان بەرگ دوبارەکرابێتەوە، لەبەرئەوەی دوبارەکردنەوە میکانیزمێکی گرنگی خەزنکردنو تۆمارکردنی بیرە لە ئاوەزی خوێندکاردا، ئەمە جگە لەوەی

دڵنیایی پێدەبەخشێت، لەم پرۆگرامەدا بەرگەکە دوبارەیە بەبێ وێنە، کە وێنە لەم قۆناغەدا لە وشەکان گرنگترن‌و بەهۆی وێنەکانەوە خوێندکار دەتوانێت وێنەی ئاوەزی بۆ بیرو واتای وشەکان لە مێشکیدا بنەخشێنێت، ئەم دووانە تەواوکاری یەکترن‌و نابێت بەبێ هۆ لەیەکیاندابڕنین، لەبەرئەوەی منداڵ لەم تەمەنەدا وێنەی ئاوەزی نییەو دەبێت ئێمە بۆیدروستبکەین.

٣. هەموو پرۆگرامێك دەبێت، بۆ بەش و پار پۆلێنکرابن، بەڵام لە پرۆگرامی ئێمەدا وانییە، یەکەم پەڕە بە خشتەیەك دەستپێدەکات، کە کۆبەندی هەموو بابەتەکانی پرۆگرامەکەی بەپێی بەش‌و پارو پێکهاتەکانی تیادا خراوەتە ڕوو، بەڵام لە پرۆگرامی زمانی خوێندنی کوردی ئێمەدا ئەمە ونە، بڕوانە پاشکۆکان، گرنگی ئەم خشتەیە بۆ چەند ڕوویەك دەگەڕێتەوە:

أ- ڕێککاری‌و پلان‌و بەرنامەڕێژی لەکاردا، بە ناڕاستەوخۆ بە خوێندکار دەگەیەنێت، کە نابێت هەڕەمەکیانە کاربکەین، لەمەوە جدیەت لای قوتابی دەبێت.

ب- دەردەکەوێت تیایدا، کە کەموکورتی لەکوێی پرۆگرامەکەدا هەبێت، تا چارەسەری بۆ بکرێت ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەموو بابەتەکان دەبێت تەواوکاری یەکتربن.

پ- بۆ مامۆستایان دیاریکراوە، کە دەبێت چۆن بەشەکان بەپێی ئەو بابەتانەی وەك (فێرکردنی وشە، ڕێزمان، دەربڕین، لێهاتوویی) دابەشبکات‌و سەربەخۆ هەر مامۆستایەو بە سەلیقەو ئارەزوی خۆی نا، بەڵکو بە بەرنامە داڕێژراوی و گشتگیریی بێت.

٤. بۆشاییەکی زۆری نوسین هەیە، بۆ نمونە لە قۆناغی یەکەمدا، لە دووەم پەڕەی بابەتەکەوە تا لاپەڕە ٢٩ تەنها وێنەیە بە بێ نوسین، یان قۆناغی شەشەم لە لاپەڕە (٤-٤٠) بێ وێنەیە. ئامانج لە وێنە جگە لە لایەنی دەرونی بۆ پڕاوپڕکردنی ئەو بیرەیە کەلە نوسینەکاندا هەیە، بەڵام لێرەدا هیچ نوسینێك لە ئارادا نییە، ئەمە جگە لەوەی خودی وێنەکانیش پێکەوە یەك بیر ناگەیەنن‌و پەیوەندییان بەیەکەوە نییە.

٥. لە ناواخنی کتێبەکاندا لاپەڕە بە سپێتیی زۆر ماوە، ئەمەش لێکەوتەی خراپ لە ئاوەزی خوێندکاردا بەجێدەهێڵێت، بەوەی نەتوانراوە پڕبکرێتەوە، کەمتەرخەمی... دەگەیەنێت.

٦. بیری وشە بەکاربراوەکان دورن لە واقیعی ئێستای کۆمەڵایەتی خوێندکارەوە، لەبەرئەوە وێناکردنی بۆی گران دەبێت‌وبەمەش پرۆسەی تێگەیشتن کاڵ‌وکرچ دەبێت‌و بابەتەکە لای خوێندکار بیزارکەردەبێت، وەك(نانی ساج، مزراح، داس، پول، کەس ناتوانێت دەنگی ئازادی کپ بکات...).

٧. بەکارهێنانی دەربڕاوی خوازەیی‌و ئیدیەمی بۆ قۆناغی بنەڕەتیی لەسەرەتاوە بەکارناهێنرێت‌ودواتریش دەبێت زۆر سانا بێت، ئەمە بەم شێوەیە ڕەچاونەکراوە، بڕوانە(کولەکەی ڕۆحی منی، دەست لە ملی هیواکان بکەین، وەك بی ناو ئاو دەلەرزێ...).

٨. زمان بەهۆی واتاوە بە واقیعەوە/کۆمەڵەوە پەیوەست دەبێت. کەواتە دەبێت هۆشیارانە و زرنگانەو ئەو واتایانەی بەهۆی زمانەوە دەگوێزرێنەوە، دیارییبکەین، جا چ واتای وشە، واتای ڕستە، واتا لای ئاخێوەرو لای گوێگر بێت، بەهاکان دەربڕی واتاکانن. لێرەدا وشەو زاراوەکان دەبێت نزیك بن لە فەرهەنگی وشەی خوێندکارەوە، دەبێت ئەژماری هەموو ئەو لێکەوتانە بکرێت، کە دەگونجێت لە واتای وشەیەك بکەوێتەوە (سەرپێچی، تەقەلا، ...) ئەمانە لێکەوتەی تریان هەیە.

٩. ڕستە ئاخاوتنێکی بچوککراوەیە، بەڵام زۆرینەی ڕستەکان دروستکراون‌و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا واناوترێت، پێویستە وشەکان‌و ڕستەکان لە ئاخاوتنەوە وەرگیرابن‌و وشەی دابڕاوو مردوو نەبن‌و زیندوێتی لای خوێندکار

دروست بكات. دەبێت هەموو بەش‌و پارو بابەتی پرۆگرامی خوێندنی ئەلفبێ پڕاوپڕ لە واقعیەوە وەرگیرابێت‌و خوێندكار بتوانێت بەكاریبهێنێت، بۆنموونە (دار، داو، داس، مەڕ،...) ئەمانە لەسەرەتای پرۆگرامدا بوونی دروست نییە. دەبێت بابەتی كارەكی بدەین بە خوێندكاری ئەم قۆناغە لەبەرئەوەی لەڕووی جەستەییەوە وزەو جوڵەیان زۆرەو دەبێت بەگەڕ بخرێن نەك كپبكرێن، بۆ ئەمەش نواندن‌و پراكتیكی كردن ڕێگەیەكی كارەكییە، جگە لە وەرگرتنی لێهاتوویی زمانیی‌و بەرجەستەكردنی بە گۆڕینەوەی ڕۆڵەكان، جێبایەخی بابەتەكان لای خوێندكاران زیاد دەكات.

١٠. ڕیزبەندی ئەلفبێ لە قۆناغی یەكدا نییە، كە ئەمە زۆر گرنگە، سەرەوریزبوونی دەنگەكان بەم شێوەیە (د،ر،و،ی،وو،س،ۆ،ز،ب،ێ،ن،یٚ،م،ڕ،ژ،ت،ش،...)، ئەمە گرانیەك لە لەبەركردنیدا، جگە لە بێسەروبەری پرۆگرامەكە. ناساندنی دەنگ‌و پیت بە وشەو وێنەی جۆراوجۆر.

١١.بۆئەوەی بابەتەكان نزیكبن لە ناخی خوێندكارەوە دەبێت، خۆی ببێت بە بەشێك لەو پرۆگرامە ئەوەش بە كارەكی كردنێتی‌و پێویستە پرۆگرامەكان لەم بابەتانە پێكهاتبن: (كەلوپەلی قوتابخانەو خۆناساندن، بەشەكانی جەستەی، خێزان، یارییەكان، پارك، جلوبەرگ، هاوڕێ، باخچەی ئاژەڵان، خواردن، خواردنەوە، ماڵەكەم...). هەموو ئەمانە خوێندكار دەتوانێت بەكارەكی بابەتەكان ببینێت‌و وێنەی ئاوەزییان لادروست ببێت‌و كارلێك بكات لەگەڵیاندا.

١١. لەگەڵ هەر بابەتێكدا ئێمە دەتوانین بەهاو ئادابێكی ڕەوشتی بە خوێندكار بدەین، بۆ قۆناغی یەكەم، وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ كەلوپەلی قوتابخانە بكەین، چۆن جەستەمان، قوتابخانەكەمان پاكرابگرین، چۆن ڕێزی خێزان بگرین. مامۆستا، هاوڕێ، یارییەكانمان چۆن بەكاربهێنین، لە پارك‌و باخچەی ئاژەڵان چۆن مامەڵە بكەین‌و ڕەوشتەكانی چوونە ئەو شوێنانە چین؟.... پەرەدان بە بەهاكان لە پرۆگرامی قۆناغی دووەمدا، پێویستە لێرەدا بە شێوازێكی ترو جۆری تر پەرەی پێبدرێت، وەك (كەلوپەلی خوێندن، هەستەوەرەكانم، یارییەكانی كۆڵان، خواردن، دوای قوتابخانە، كەش‌وهەوا، جلوبەرگ، ئاژەڵی ماڵی، ئیش‌وكار...).

١٢. بوونی گۆرانی زۆر گرنگە بۆ ئەم قۆناغەو پێویستە هەر بەشە گۆرانی تایبەت بە خۆیی هەبێت‌و بەهۆی گۆرانیەوە دووبارەی ئەو بیرانە بكرێنەوە تا فێربن، ڕۆڵی گۆرانی‌و سرودو ئاوازە لە وەرگرتنی لێهاتوویی زمانیدا زۆر پێویستە. هەمیشە دەبێت سرودو گۆرانی بۆ دوپاتكردنەوەی بیرێكی پێشتر لە پرۆگرامدا دابنرێن، نەك یەكسەر یەكەم پەڕەی، ئەم پرۆگرامە بەوە دەستپێبكات.

١٣. بوونی چیرۆك پەیوەست بە بەكارهێنانی وشەو ئەو بیرانەی لەوبەشانەدا خراونەتەڕوو بۆ زیاتر چەسپاندن‌و فێركردن، زۆر گرنگە، دوبارەكردنەوە میكانیزمێكی خەزنكردنی بیرەو ڕێگەی شیاو و سەرنجڕاكێش بۆ دوبارەكردنەوەی بیر(چیرۆك، گۆرانی، ...)ن.

١٤. خودی بابەتی ڕێزمان بۆ فێربوونی زمان نییە، ئەوەندەی بۆ فێركردن‌و پێشكەشكردنی بەهاكانە، خستنەڕوی بابەتی ڕێزمان‌و بەستنەوەی بە بەهاكانەوە، بەوەی چۆن بەهۆی ئەم یاسایەی زمانەوە ئام بەهایە دەردەبڕیت، لەمەوە هەم ئاشنا دەبێت بە خودی زمانەكەو هەمیش بە بەها ڕەوشتییەكانی پێبەرجەستەدەكات، بۆنموونە باس لە جێناوی خاوەندارێتی بكرێت، لێرەدا دەتوانین باس لە چۆنێتی ڕوخسەت‌و مۆڵەت وەرگرتن بكرێت، كاتێك بمانەوێت شتی هاوڕێیەكمان بخوازین یان ناساندنی جێناوەكان‌و فێركردنی ڕێز لە ئاخاوتندا، یان ئاوەڵناو لە بەراوردكردنی شتێك لە شتێكی تر گەورەتر بێت یان بچوكتر فێری دەرخستنی تایبەتێتی بابەتەكان بكرێت، هەرچەندە ناڕێكخراویی لە دانانی ئەم بابەتەدا دیارە بۆ نمونە بابەتی ڕێزمانی لە قۆناغی(١-٤)دا بوونی نییە.

١٥. نوسین‌و گوێگرتن‌و بیرکارپێکردن وەك گەیاندنی وێنە لەیەکچوەکان، یان هەڵبژاردنی پیتی ڕاست لەنێوان کۆمەڵێکدا. ئەمانە هەموو مێشکی خوێندکار بەهێزدەکەن‌و هاریکاریدەکەن بۆ داهێنانکاری نەك تەنیا لەبەرکردن‌و تێگەیشتن. بوونی ڕاهێنان‌و بەکارەکی کردنی نوسین، لەگەڵ بوونی بژاردەی زۆر بۆ وروژاندنی بیریی‌و فراوانکردنی تێگەیشتن زۆر گرنگەو لێرەدا لاوازە.

١٦. بوونی واتاو لێکدانەوەی وشە هەڵەیەو ئەمە ئاماژەیە، بە کەم‌وکورتی لەو وشانەی بەکارهێنراون لەهەر بابەتێکدا، لەبەرئەوەی منداڵ دەبێت بە بەکارهێنان لە واتایان بگات نەك بە لەبەرکردن.

١٧. پێویستە زۆر وریای ڕێنوس بین، هەر هێمایەك با لەچەند وشەیەکیش پێکهاتبێت، لەبەرئەوەی یەك بیر دەگەیەنێت دەبێت بەسەریەکەوە بنوسرێت، تا ئاڵۆزی‌و لێڵی بۆ خوێندکار دروستنەکات، بۆنمونە (گوێ ڕایەڵ دەبێت بە گوێڕایەڵ، ڕووناك یان ڕوناك، دروست کرد، یاری کرد، لێ بهێنرێت..)، یان هێماکان کە بەرامبەر دەنگەکان دانراون دەبێت وێنەی خۆیانیان بۆ دابنێین، واتەلەباتی(ڕ) نابێت(ر) دابنێین، وەك(راهێنان، رستە، ناوەرۆك، رانەبوردوو...).

١٨. خاڵبەندی کۆمەڵێك ئەرکی لە نوسیندا هەیە، لە هەموویان گرنگتر ڕێکخستنی پەیوەندی لۆژیکی بیرەکانە، زۆر بە کەمی‌و بە زانستی ڕەچاوکراوەو لە هەندێك شوێندا بەهەڵە دانراوە، وەك لە قۆناغی شەشەمدا لە ناوەڕاستی پەڕەدا نوسراوە(ڕستە:)، ئەم دووخاڵە لەسەریەك هەڵەیە.

١٩. بوونی ڕاهێنان بۆ وروژاندنی بیرە نەك هەر بە کارەکیکردن، ئەمەش بە بوونی ڕێگای جۆراوجۆرو شێوازی جیاجیاو بیر وروژێنەر، کە لەم پرۆگرامەدا هەر یەك شێوازی بێزارکەرە، بەبێ گۆڕان.

٢٠. نوسینەکان لەگەڵ ئەوەی لە وێنەکان زۆرترن، بیری جیاجیاش دەردەبڕن، کە بۆ تێگەیشتنی منداڵ گرانە، بۆ نمونە لە خوێندنی کوردی قۆناغی دووەم(لە بابەتی ئاواتی منداڵاندا لاپەڕە(٣٢)، (٢١) بیر لە (٦) ڕستەدا هەیە، کە ئەمە زۆر نازانستییە، هەروەها بیری هەڵەشی تێدایە (بە بێدەنگی لە پۆل دادەنیشم)، یان لە چیرۆکی(دابەشکردن) لەلاپەڕە٨٣ ی قۆناغی چوارەمدا زۆر هەڵەیە.

٢١. هیچ کام لە بەهاکان بوونیان نییە، لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمدا، لەبەرئەوەی زیاتر دروشمن، نەك کارەکیی‌و بەکارهێنان، لە قۆناغی دووەمدا هەندێك بەها وەك (ڕەوشتی سەردان، ڕێزگرتن لە کات، ڕاستگۆیی، هاریکاریی) لە پرۆگرامەکەدا هەیە، بەڵام یەکجار باسی لێوەکراوەو زۆر وشکە، دوبارەکردنەوە یەکێك لە ڕێگە دەرونییەکان بۆ خەزنکردنی بیرو بابەتە لە ئاوەزی خوێندکاردا. میکانیزمی بەهاکان پێویستە ڕونبکرێنەوە نەك تەنها چەمکەکان بخرێنە ڕوو ئەمەش بە هێڵکاری هۆشەکیی دەبێت (تەبا، خۆشەویستی...) چۆن بکرێت، بۆ وردەکاری زیاتر.

٢٢. پەرەگرافەکان زۆر درێژن، ئەمەش بۆ کەمی وێنە دەگەڕێتەوەو مەرج نییە هەموو شتێك بنوسین، خودی پەرەگراف واناسێنراوە، کە بریتییە لە کۆمەڵە ڕستەیەکی پەیوەستدار پێکەوە، بۆ خستنە ڕوی بیرێك، کە دەبێت لە (پێشەکی، ناوەڕۆك، کۆتایی) پێکهاتبێت، زۆرینەی پەرەگرافەکان بە زانستی تۆمارنەکراون‌و زیاد لە بیرێکیان تێدایە.

٢٣. چالاکی‌و زمانەکەی زۆر گرفتە، نازانستیانە دانراون‌و دەبێت لەگەڵ ڕاهێناندا، بە شێوازێکی نوێ‌و زانستی ڕێکبخرێتەوە.

٢٤. یەکزاراوەیی بۆ بابەتە ڕێزمانییەکان زۆر گرنگە، ئەمە ڕەچاونەکراوە لە بابەتە ڕێزمانییەکاندا.

٢٥. پێشەکی زیادەو هەڵەی، ئامانجەکەشی هەڵەیە (ڕەوان بدوێن، بنوسن، بخوێننەوە)، ئەمانە ڕێگا خۆشکەرن بۆ وەرگرتنی کۆزانیاری و بەها، نەك خودی خۆیان ئامانج بن‌و کۆتایی دەبێت کۆبەندی هەموو بابەتەکان تیا بخرێتە ڕوو، ئەمەش نا ڕێکخراوە.

٢٦. بابەتەکانی ڕێزمان‌و بەشی خوێندنەوە، زۆربەیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێراون‌و ئەمە بۆ پەسنی زمانی کوردی هەڵەیە.

٢٧. پاشاگەردانی[٣٠٩]لە زاراوەکاندا هەیە، وەك(کار/کردار/کردەوە/فرمان، بکەر/کارا، بەرکار/ تەواوکەری ڕاستەوخۆ/تەواوکەری سەربەخۆ، تەواوکەری ناو/دیارخەری ناو، تەواوکراو/دیارخراو، کاری تەواو/ کاری بەهێز، کاری ناتەواو/ کاری بێهێز، جێناو/ ڕاناو، هاوەڵکار/ ئاوەڵکار/ ئاوەڵفرمان/هاوەڵفرمان، ڕەگی کار/قەدی چاوگ/ڕەگی چاوگ)، ئەمەش بۆ گرفتی نەبوونی زمانی ستاندارد دەگەڕێتەوە.

٢٨. لە بابەتی ڕێزماندا هەندێك لە یاساکان، بە هەڵە داڕێژراون، وەك باسی چاوگی داڕێژراو لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیدا(وەراندن) یاساکەی(چاوگ+پاشگری(اندن))ە، هەڵەیەو لە (ڕەگی کار+پاشگر).

٢٩. لە باسی هاوەڵناوی نیشانەدا، لە پرۆگرامی نۆیەمی بنەڕەتیدا، نمونەکان لەسەر جێناوی نیشانەیە، نەك خودی بابەتەکە.

٣٠. لە بابەتی ئەدەبدا شاعیری وا هەیە لە پۆلی حەوت‌وهەشت‌و نۆ، دوبارەو سێبارە بۆتەوە، جگە لەوەی باس لە شاعیری ئافرەت نەکراوە.

٣١. ڕیزبەندی بابەتەکانی پەخشان لە قۆناغی هەشتەمدا، بە دوای یەکدا ڕیزکراون، واباشترە لەگەڵ بابەتی هۆنراوەدا تێکەڵ بکرێن، تا بێزارکەر نەبێت.

٣٢. لە باسی ژیانی شاعیراندا، پەرەگرافی نادروست هەیە، بۆ نمونە لە ، لە باسی پیرەمێرددا دوو پەرەگرافی دوبارەیەو لەگەڵئەوەی باسی نەورۆزی تێدانییە.

٣٣. هەندێك دێڕ لە هۆنراوەکاندا، بیرەکانیان لە ڕوی پەروەردەییەوە بۆ ئەو قۆناغە نەشیاوە، وەك هۆنراوەی(شێخ ڕەزای تاڵەبانی) قۆناغی نۆیەم لاپەڕە ١٣٤، ١٣٢، ١٢٧.

٣٤. پێڕەونەکردنی زمانی ستاندەر، لە سەرجەمی پرۆگرامی خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتی، زمانێکی تێکەڵی ناپێڕەبەندی بێزراوی هێناوەتە بەرهەم، کە دورە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خوێندکارەوە، ئەمەش دەرچوونە لە ئامانجی پەروەردەیی خودی پرۆگرامەکە، لەلایەك ئەو کۆزانیاریی‌و بەهایانەی پێویستە بە خوێندکار بگەیەنرێت، ناگات، لەبەرئەوەی زمان گەیەنەرێتی، لەلایەکی تریشەوە ئەرکی پرۆگرامی خوێندن وابەستەکردنی تاکە بە کۆمەڵگاوە، ئەمەش دابڕان دروستدەکات.

٣٥. بێ پلانی، نارێکخراویی‌و ناپێڕەوبەندی لە دیاریکردنی کۆزانیاریی‌و بەهاکاندا لەم پرۆگرامەدا هەیە، هەڕەمەکیانە بێ گەڕانەوە بۆ بنەماو پێوەرە گشتییەکان دەستنیشانکراون، بە گشتی بەهای ناواخنکراو لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیی قۆناغی بنەڕەتیدا، لە خوارەوە ڕیزبەند کراوە:

---

[٣٠٩] یاسین ئەحمەد بەرزنجی/چاوپێکەوتن(٢٠١٣/١٢/٣١).

| بەها | پۆلی بەها | قۆناغ | ناونیشان | دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|---|---|
| نەورۆز | نەتەوەیی | یەکەم | جەژنی نەورۆز | |
| مامۆستا | ویژدانی | یەکەم | مامۆستا | |
| نیشتمان | نەتەوەیی | یەکەم | نیشتمان | دووجار |
| | | | | |
| پاکوخاوێنی | مادیی‌ولاشەیی | دووەم | منداڵ ژیر | |
| مۆسیقا | ویژدانی | دووەم | مۆسیقا | |
| قوتابخانە | کۆمەڵایەتی | دووەم | قوتابخانە | دووجار |
| هاریکاری | کۆمەڵایەتی | دووەم | پیاوێکی نابینا | |
| ڕێزگرتنی یاسا | ویژدانی | دووەم | دۆستی یاسا | |
| ڕەوشتی سەردان | ڕەوشتی | دووەم | ڕەوشتی سەردان | |
| نیشتمانی | نەتەوەیی | دووەم | کوردستان | |
| نیشتمانی | نەتەوەیی | دووەم | ئالآمان | |
| پاکوخاوێنی | ویژدانی | دووەم | جوانکاری شار | |
| هاریکاریی | کۆمەڵایەتی | دووەم | هەموو کار دەکەن | دووجار |
| لەشساغی | مادیی‌ولاشەیی | دووەم | لەشساغی | دووجار |
| ڕێزگرتنی کات | ویژدانی | دووەم | ڕێزگرتنی کات | |
| خێزانی بەختەوەر | کۆمەڵایەتی | دووەم | خێزانی بەختەوەر | |
| بە فیڕۆنەدانی ئاو | ویژدانی | دووەم | ئاو | |
| ڕاستگۆیی | ڕەوشتی | دووەم | ڕاستگۆیی | |
| | | | | |
| ڕەوشتی باش | ڕەوشتی | سێیەم | ڕەوشتی باش | پێنج جار |
| ئازارنەدانی کەس | ویژدانی | سێیەم | چۆلەکەوڕێوی | |
| پاکوخاوێنی | ویژدانی | سێیەم | ددانەکانمان | |
| نیشتمانی | نەتەوەیی | سێیەم | سەیرانەك ل کوردستانێ | پێنج جار |
| زانا | زانستی | سێیەم | نیرێکی ناودار | دووجار |
| هاریکاریی | کۆمەڵایەتی | سێیەم | هەرەوەز | سێ جار |
| | | | | |
| خوێندن | زانستی | چوارەم | ساڵی نوێی خوێندن | |
| نەمام چاندن | ڕەوشتی | چوارەم | ئارام | سێ جار |
| ڕێگاوبان | ڕەوشتی | چوارەم | ڕەوشتی ڕێگاوبان | |
| نیشتمانی | نەتەوەیی | چوارەم | کوردستان | دە جار |
| زانیاریی | زانستی | چوارەم | پەڵە هەور | شەش جار |
| وەرزش | لاشەیی | چوارەم | وەرزش | دووجار |
| دایکایەتی | کۆمەڵایەتی | چوارەم | جەژنی دایك | |
| یاسا | ویژدانی | چوارەم | یاسای دارستان | سێ جار |
| جوانی | جوانی | چوارەم | جوانی بەهار | |
| | | | | |
| دایك‌و باوك | کۆمەڵایەتی | پێنجەم | خۆشەویستی | |
| ڕێزگرتنی کات | ویژدانی | پێنجەم | کات بە فیڕۆنەدان | |
| قوتابخانە | کۆمەڵایەتی | پێنجەم | | |
| نیشتمان | نەتەوەیی | پێنجەم | کوردستان نیشتمانی ئێمە | شەش جار |
| مەشخەڵ | زانستی | پێنجەم | مەشخەڵی ئۆڵۆمپی | |
| چاوچنۆکی | ڕەوشتی | پێنجەم | دەنکە گەنمێك | |
| | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خۆشەویستی | ویژدانی | شەشەم | خۆشەویستی و تەبایی | دوو جار |
| نیشتمانی | نەتەوەیی | شەشەم | ناسنامەی نەتەوە | دە جار |
| زانیاری | زانستی | شەشەم | خەڵاتەکانی نۆبڵ | پێنج جار |
| جوانی | جوانی | شەشەم | جوانی | |
| یاسا | ویژدانی | شەشەم | ڕێنماییەکانی هاتوچۆ | |
| بێبەزەیی | ڕەوشتی | شەشەم | دارو داربڕ | |

خشتەی(٨)

پوختەی ئەم شیکردنەوەیە ئەم دەرئەنجامانە دەخاتەڕوو:

١. بەها زۆر دوبارە بووەکان کامانەن؟

بەهای نەتەوەیی، بەهای ڕەوشتی، بەهای زانستی.

٢. بەها کەم دووبارە بووەکان؟

هەموو ئەوانی تر کەم دوبارەکراونەتەوە.

٣. جۆری بەها دوبارەبووەکان چۆن دابەشکراون بەسەر کتێبەکەدا؟

ناپێڕەبەندو ناڕێکخراوە، بڕوانە بەراوردکردنی پێوەرو بەهای زانکۆی(OXFORD)، لەگەڵ ئەوەی لە خشتەی(٨)دا خراوەتەڕوو.

٤. ڕادەی گونجاندنی بەهاکان لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەدا لەوقۆناغەدا چۆنە؟

ناپێڕەبەندو ناڕێکخراوە، بڕوانە بەراوردکردنی پێوەرو بەهای زانکۆی(OXFORD)، لەگەڵ ئەوەی لە خشتەی(٨) دا خراوەتەڕوو.

## ئە نجام

١. کۆزانیاریی پرۆگرامی خوێندنی کوردیی قۆناغی بنەڕەتی، پێڕەوبەندانەو ڕاستەوخۆیانە کاریگەریی لەسەر پەروەردەو فێرکردنی خوێندکاران هەیە، بە هۆیەوە مۆدێلی بەرهەمهێنانی تاك دەهێنرێتەئاراوە، بەوپێیەی دەربڕی زمانپژاندنی خوێندکارانەو بۆ دروستەکانی:

أ. کۆزانیاری پشتبەستوو بە حەقیقەت و ڕاستی.

ب. کۆزانیاری پشتبەستوو بە چەمکەکان.

پ. کۆزانیاری پشتبەستوو بە زمان.

ت. کۆزانیاری پشتبەستوو بە بەها، پۆلێنکراوە.

کە ئەمە لە پرۆگرامی خوێندنی کوردی قۆ ناغی بنەڕەتی نارێکخراوو ناپێڕەوبەندە.

٢. پرۆگرامی خوێندن بە گوێزەرەوەی کۆزانیارییو کلتورو بەهاو ڕەوشتو ڕەسەنایەتی..دانراوە، پرۆگرامی خوێندنی کوردیی لەم ڕووەوە کەموکورتی هەیە، بەو پێیەی نەیتوانییوە بەرجەستەکەری ئەو لایەنانە بێتو نەیتوانیوە خوێندکار وابەستەی کۆمەڵو کلتورەکەی بکات، ئەویش بە بێ پلانیو ناپێڕەبەندی ئەو بەهایانەی بۆیدیاریکراوە.

٣. کرۆکی پرۆگرامی خوێندنی کوردیی لەتەك ئەو ئەرکانەیدا، دەبێت وروژێنەری بیری خوێندکارو ئاڕاستەکەرو بەگەڕخەری بێت، وا لە خوێندکار بکات کە بیر بکاتەوەو ئەمەش هۆکای پێشکەوتنی ژیاریی میللەتانە، بەڵام ئەمە لاوازە ئەوەش بۆ کەمی وێنەوو بژاردەو نەبوونی میکانیزمی بیر وروژاندن، وەك بەکارەکیکردن، نواندن، ئاوازو مۆسیقاو چیرۆكو گۆرانی...دەگەڕێتەوە.

٤. زمانی بەکارهاتوو، لەم پرۆگرامەدا، لەڕوی دروستنوسینو یەکزاراوەییو ڕێزمانو دوورودرێژی پەرەگراف‌و..گرفتدارە،ئەمەش کەموکورتی بۆ ئەو بیرەی دەیگەیەنێت دێنێتەکایەوە.

٥. دروستەی کۆزانیاریی پرۆگرامی خوێندنی کوردیی قۆناغی بنەڕەتیی، بەپێی ئەو خشتەیەی خراوەتەڕوو زۆر لاوازە، بۆ قۆناغی یەك، لەکۆی(١٢) ناوەڕۆکی ڕەوشتی، تەنها(٢) بەهای تێدا دیاریکراوە، کە ئەوانیش زیاتر دروشمن، بۆ قۆناغی دوو، لە کۆی(١٤)ناوەڕۆکی ڕەوشتی، تەنها(٥) بەهای تێدا خراوەتەڕوو، بۆ قۆناغی سێ، (٥) بەها لە کۆی(١٦) بەها لە ناواخنی پرۆگرامەکەدا پێشکەشکراوە، لە قۆناغی چواردا(٧)بەهای ناواخنکراودیاریکراوە، بۆ قۆناغی پێنج بەهای بەرجەستەکراو بریتییە لە(٥)، لە قۆناغی شەشدا،(٥) بەها دیاریکراوە، قۆناغەکانی(٩،٨،٧) زۆر بەربڵاوێنو بابەتەکانی زمانوئەدەب زیاتر زانیاریی ڕوتنو بە ئەو دروستەی کۆزانیارییانە ئاوێزاننەکراوە، ئەمەش هۆکاری بێزراوی ئەم پرۆگرامەیە لای خوێندکاران.

٦. دوبارەکردنەوەو زۆر بەکارهێنان لە گرنگترین هۆکارەکانی تۆمارکردنو لەبەرکردنی کۆزانیارییە لە یادگەی خوێندکاردا، ئەمە زۆر بە کەمی بە دیاردەکەوێت، ناهاوسەنگی لە پێشکەشکردنی ناواخنە ڕەوشتیەکان، ناپێڕەوی دوبارەبوونەوەکان، نەبوونی چەند چەشنێکی بەها،نەگونجاندنی بەهاکان بەپێی پێوەرەکان بۆ قۆناغەکان..هەموو ئەمانە گرفت بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی تاك بۆ کۆمەڵگا دروستدەکەن.

## سەرچاوەکان


ا. بە زمانی کوردی:

١. زبیر علی عارف، ئیدیۆم لێکۆڵینەوەیەکی زانستی زمانی کۆمەلأیەتی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٢.

٢. شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمانو کلتور، بەڕێوەبەرێتی چاپو بلأوکردنەوە، سلێمانی،٢٠١٣.

٣. شیلان عومەر حسەین، پەیوەندی سینتاکسو سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٢.

٤. شیلان عومەر حسەین، زمانو پەرەپێدانی مرۆیی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٥. هیزەر پۆمپسن و سین ماگیۆر، ژیریی خۆت بناسە، و: شەماڵ ئەبوبەکر حسەین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٦. یاسین ئەحمەد بەرزنجی(٢٠١٣/١٢/٣١)چاوپێکەوتن.

٧. پرۆگرامی خوێندنی کوردی قۆناغی (١-٩) ی بنەڕەتی، وەزارەتی پەروەردە.

بە زمانی عەرەبی:

١. رشدی احمد گعیمه، تحلیل المحتوی فی العلوم الانسانیه، دار الفكر العربی، القاهره، ٢٠٠٨.

٢. حسن جعفر الخلیفه، اكتشف نفسك – ئلیات اكتساب السلوك الآیجابی، السلسله: التگویر الآداری، كلیه التربیه للبنات (الٓقسام الٓدبیه) بالریاچ، ٢٠١٣.

٣. سام ئٓر لوید، أسالیب تعدیل السلوك الآنسانی، دار المعرفه للتنمیه البشریه، الریاچ، ١٩٨٣.

٤. عدنان أحمد الفسفوس، أسالیب تعدیل السلوك الآنسانی، الریاچ .٢٠٠٦

٥. جون سیرل/ ت:سعید الغانمی، العقل واللغه والمجتمع، الفلسفه فی العالم الواقعی،القاهره، ٢٠١١.

٦. رفعت محمد حسن، علی عبدالمحسن، اتقان محتوی دروس ماده التخصص، جامعه اسیوگ،٢٠٠٦.

٧. قاسم خزعلی، منڤومه القیم العلمیه المتچمنه ڤی كتب العلوم لصفوف المرحله الٓساسیه الٓولی ڤی الاردن، اردن، مجله الاردنیه علوم التربیه، ٢٠٠٩.

٨. محمد حمیدان العبادی، القیم المتچمنه ڤی كتب القراوه للصفوف الاربعه الٓولی من التعلیم الاساسی، سلگنه عمان، ٢٠١١.

ب. بە زمانی ئینگلیزی:

١. Astrid Brinkmann ,Vernetzung im Mathematikunterricht: Visualisieren und lernen von Vernetzungen mittels graphischer Darstellungen (German) Perfect Paperback – ١ Mar ٢٠٠٨

٢. Blount, Ben G. Language, Culture and Society,A Book of Readings, ١٩٧٤.

٣. Edgar C. Polome ,Anthropological Linguistics, Linguistic and Literary Studies in Honor of Archibald A(١٩٧٨).

٤. Kendon, Adam 'Iconicity in Warlpiri Sign Language', in Bouissac et al Winthrop, Cambridge, Mass(١٩٨٦).

٥. Joseph Gneeenberg١٩٧١ Language, Culture, and Communication,Universty of Calefornia.

٦. Wrutheran Sinnadurai ,The Structure Of Knowledge In School Subjects And Its Implication For Classroom Teaching, Maktab Perguruan Kuala Terengganu (Kuala Terengganu Teachers' College, Terengganu, Malaysia),٢٠٠٨.

٧. Helge Malmgren,Presentations, re-presentations and learning,٢٠٠٦

٨. - Zaid Ali Alsagoff, Thinking Tool,Alryaz, ٢٠١٠.

٩. D.E.Zemach, writing, macmillan, Macmillan ٢٠١١.

١٠. C. R. Gallistel , Mental Representations; psychology , Rutgers University, New Jersey, USA,٢٠٠١.

١١. www.wikipidia.com.

١٢. www .business dictionary.com.

١٣. www.oup.com.elt.

## الخلاصة

المدرسة واحد من اهم المؤسسات الاجتماعية و مسؤلة عن انتاج نوعية الفرد المناسب للمجتمع، وهى مجتمع صغير فيها يختلط الطالب بالمجتمع، مع العلم يتزودهم بالمعرفة والقيم والثقافة...من خلال المنهج الدراسي، منهج الدراسى ركيزة الاساسية للمدرسة عليها و بها يتم عملية التدريسية والتربوية، لذا يجب ان نحذر و بالوعى تام لتاليف برنامج لهذا المنهج وخاصة منهج الموضوع باللغة الام.

من هذة المنظور يتداول بحثنا(تقييم البنية المعريفية فى المنهج الدراسي للمراحل الاساسية، منهج اللغة الكوردية كنموذج)، اصناف البنية المعريفية، انواع القيم فى هذا المنهج وفق المعايير والاساسيات العالمية ومقارنتهم مع بيان و تحديد المشاكل والعوائق اللغوية وتاثيرها على عملية الفهم والاستيعاب والادراك لدى الطلاب.

## ABSTRACT

School one of the most important social institutions and instabilmente for producing quality individual appropriate for the community , a small community which is mixed with the student community and with the science they increased knowledge , values and culture ... through the educational program , the educational program basic pillar school them and it is the process of teaching and educational , therefore we must caution and awareness to form a complete program of this approach and the approach to the subject , especially in the mother language .

From this perspective, trade our ( evaluation of the structure knowledge in the educational program of the primary stages the Kurdish language as a model ) , classification structure knowledge , types of values in the educational program according to the criteria and the fundamentals, principle of global and compare them with the statement and identify problems and language barriers and its impact on the process of understanding and comprehension of students .

## پاشکۆکان


ئەلفوبێ
پۆلی یەکەمی بنەڕەتی


٢
خوێندنەوەی کوردی
بۆ
پۆلی دووەمی بنەڕەتی


٣
خوێندنەوەی کوردی


٤
خوێندنەوەی کوردی
بۆ
پۆلی چوارەمی بنەڕەتی


٥
ڕێزمان و
خوێندنەوەی کوردی


٦
ڕێزمان و
خوێندنەوەی کوردی


زمان و ئەدەبی کوردی
٧


Family and Friends 1
Class Book
American English
Family and Friends 2
Student Book
Family and Friends 3
Class Book
OXFORD
Project
Third edition
Student's Book
4
Tom Hutchinson
OXFORD
Project
Third edition
Student's Book
5
Tom Hutchinson
2 Playtime!
Lesson One Words
1 Listen, point and repeat.
2 Listen and chant.
doll
ball
teddy
puzzle
car
3 Listen and read.
This is your doll.
And this is your ball.
Is this your teddy?
No, it isn't.
This is my pencil case. Look!
Is this your teddy?
Look Tim! Here's my teddy.
No, it isn't. It's my bag, but ...


Scope and sequence
Starter: Hello!
Words
Grammar
Phonics
Skills
1 What's this?
2 Playtime!
3 This is my nose!
Review 1
4 He's a hero!
5 Where's the ball?
6 Billy's teddy!
Review 2
7 Are these his trousers?
8 Where's Grandma?
9 Lunchtime!
Review 3
10 A new friend!
11 I like monkeys!
12 Dinnertime!
Review 4
13 Tidy up!
14 Action Boy can run!
15 Let's play ball!
Review 5
Grammar reference